# ئۆکتۆبەر

October

بڵاوکراوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

No. (5) 1st June 2008

ژمارە (٥)، ١-ی حوزەیرانی ٢٠٠٨


لەم ژمارەیەدا


-ڕیپۆرتاژێك سەبارەت بەمناڵان ل٢

- بێبەهرەیی لەپیاهەڵدان ل٣

-کەاتوری جەماوەر یان کەلتوری..... ل٥

-کێشەی کەرکوك لەسەرابی....... ل٦

-لەسایەی زانستدا مردوو زیندوو ئەکرێتەوە.... ل٧


# کێشەی باڵەکانی ناوخۆی یەکێتی لەسەر وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵكو کۆتاییهێنان بەتاڵانی و گەندەڵی نییە

ماوەیەکە تەنگژەی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە شێوەیەکی زۆر بەرجەستە هاتۆتەوە گۆڕێ، تا ئەو ڕادەیەی کەبەرپرسانی ئەم حزبە و باڵەکانی لێدوان و ڕونکردنەوەی توند بەرامبەر یەکتری ئەدەن و تەنانەت ئامادەباشی بۆ کیشەکیشی داهاتوو دەکەن.

بونی ناکۆکی سیاسی و فکری و بیروای جیاجیا دیاردەیەکی سروشتی و تەندروستی هەر حزبێکی سیاسییە، نەبوونیان نیشانەی بوونی دەردێکی کوشندەیە. دەردی فیرقەو کۆمەڵێك دەرویش لە قەوارەی حزبدا.

دیارە تەنگژەی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تازە نییە، هەروەها ئەم تەنگژەیە کەمتر پەیوەندی هەیە بەناکۆکی سیاسی و فکری و بەرنامەیەوە.

ئەو کێشانەی ناو یەکیتی نیشتمانی کوردستان، و ئەو ریوایەتەی کە بۆی دەکرێت لە تەنگژەکەو کێشە ناوخۆیەکەی کوشندەترە.

دەڵێن ئەدای یەکێتی لەحکومەت و حزبایەتیدا باش نییە، دەڵێن یەکێتی گەندەڵی سەراپای داگرتووە، دەڵێن مەحسوبیەت هەیە، دەڵێن یەکێتی ریفۆرم و چاکسازی، نوێبونەوەو تازەگەری ناکات، نازی پارتی زۆر هەڵدەگرێت، بەرەو حزبی بنەماڵە دەڕوات، دیسپلینی حزب تیانەماوە، موئەسەساتی کار ناکات، تەکەتولکاری توشی کێشەی کردووە، تاڵەبانی لە کوردستان نەماوە و سەرقاڵی بەغدایە......تاد. بێگومان ئەمانەو زور شتی تریش هەن، بەڵام ئەمانە نە هۆکاری تەنگژەی ناو یەکێتین و نە گەڕان بەدوای ئەمانەدا کەس بە حەقیقەتی کێشەکان ئاشنا دەکات.

دیارە ئەمانە هەندێکیان ریوایەتن وهەندێکیشیان واقعین، کە بەرهەمی گرفتی بناغەیی تری ناو یەکێتین.

ئەگەر لەوانە بگەڕێین، بەڕاستی کێشەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چییە؟ یەکێتی بۆچی هەمیشە لە تەنگژەدایە؟ بۆچی کێشەی ناوخۆیی و تەکەتولبازی دەست لەیەخەی ئەم حزبە ناکاتەوە؟ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە جدیانە دەتوانێ نیشانی بدات یەکێتی کێشە بناغەیەکەی چییە.

یەکێتی ڕێکخراوێکە زوو زوو بە ناوەرکێکی داخراوی دواکەوتوانەوە جلوبەرگ و قیافەی دەرەوەی خۆی دەگۆڕێت، لە مارکسی ولینینیەوە بۆ ماویزم، لە ماویزمەوە بۆ سوسیال دیموکراسی. هەموو ئەو گۆڕانانەش بە شێوەی ڕوکەش و بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای سەردەم و باهۆزی باودا، دەکات. ئەمە یەکێك لە گەورەترین گرفتەکانی یەکێتی یە لە ئاستی بەربلاوی حەیاتی سیاسیدا.

هەروەها هەمیشە بەهەمان ناوەڕۆکی واقعی خۆیەوە و بەبانگەشەی گەورەوە چوتە بەرامبەرکی لەگەڵ حزبە منافسەکانیو سەرئەنجامیش خۆ پێوانەکردنی بەحزبە کۆنەپەرست و دواکەوتوو دیکتاتۆرەکان، لە ئاستی ناوخۆی و ناوچەکەدا کردۆتە خوو.

ناوەروکی هەرکام لە قیافانەو ئەو ناوانەی یەکێتی لەخۆی ناوە لەچەند دروشمێکی لێك نزیکدا کۆدەبنەوە، کە بەڕاستی ناکۆکە بە واقعیەتی یەکیتی نیشتمانی. بەرەسمی ناسینی ئازادی سیاسی و ئازادی تاك و مافەکانی، ڕێزگرتن لە خاوەندارێتی تاك لەبەرامبەر دەسەڵاتدا، سنورداركردنی دەسەڵاتی سیاسی.....

یەکێتی نیشتمانی کوردستان چونکە ئەم خۆگۆڕینەی هیچ بنەمایەکی جدی نییە، بەهەموو ئەو ناو و گۆڕانانەوە، هەرگیز بەکردەوە نەیتوانیوە وەکو هێزێك دەربکەوێت کە ڕێز لە مافەکانی ئینسان و تاك دەگرێت، ڕێز لە ئازادی سیاسی و هەڵسورانی ئەحزب بگرێت، ڕێز لە مافەکانی مرۆف بگرێت، سنور بۆدەسەڵاتی خۆی دابنی و.... پێچەوانەی ئەمە چ روو بەکۆمەڵگا و چ لە حەیاتی ناوخۆیدا نیشانداوە.

هەمیشە تاك لەدیدی یەکێتیدا هیچ بووە، لەبەرامبەردا مەلاو شیخ و عەشیرەت، هەموو شت بوون. ئازادی سیاسی جگە لە مەقۆلەیەك بۆ جلەوکردنی ئازادی سیاسی هیچی تر نەبووە،


بۆل٢


## ئارام رەشید:

## ئیدانەی یاسا و دادگا ئەکەم کە بوار ئەدا، ئەو جاهیلانە تەقە لە دەرگای دادگاش هەڵبسێنن




دوای چاپی سێیەمی کتێبی" جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ" نووسەری ئەو کتێبە ئارام رەشد لەلایەن داوکاری گشتییەوە لە دادگای هەولێر داوای لەسەر تۆمار دەکرێت، هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی ئەم کەیسە و کەیسەکانی تر پێکدەهێنێت، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەم کێشەیەو ئامانجەکانی پشتی ئەم هێرشە بۆسەر نووسەری ئەم کتێبەو نووسەرانی ئاتەئیست و پێشکەوتنخواز گفتۆگۆی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئارام رەشید نووسەری کتێبی" جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ" لە لاپەرە( ٥) بخوێنەوە.

## مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای بیلال سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات



سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٤ کرێکارانی کۆمپانبای بیلال کە کۆمپانیایەکی ئەهلیە وخەریکی دانانی وێستگەیەکی کارەبایە لە چەمچەماڵ،کە بریارە بڕی ٧٥٠ میگا کارەبا دروست بکات، دەستیان دایە مانگرتنێکی گشتی دژ بە دواکەوتنی کرێکانیان،سەرەتای مانگرتنەکە بەرێوەبەری کۆمپانیاکە ویستی بەهەڕەشەو چاوسورکردنەوە کرێکارەکان بترسێنێ وە پاشگەزیان بکاتەوە لە خواستەکەیان، بەڵام کرێکارەکان گوێیان بە هەڕەشەی خاوەن کۆمپانیا نەداو سوربوون لەسەر خواستەکەیان تا ملدانی خاوەن کۆمپانیا بە خواستەکەیان.

بەدوادا چونی زیاتر لەمبارەیەوە پەیامنێری( ئۆکتۆبەر) پەیوەندی کرد بەیەکێك لە رابەرانی ئەم مانگرتنە( عەلی قادر رەشید ) کە کرێکارە لەو کۆمپانیایەو گفتۆگۆیەکی کورتی لەگەل سازدا، لە لاپەرە(٣) دەقی ئەو گفتوگۆیە بخوێنەوە.

## پۆلیسی هەولێر بەشێوەیەکی نائینسانی پەلاماری قوتابیانیاندا !

هەولێر،ئۆکتۆبەر_ ریکەوتی٢٠٠٨/٥/٢٦ لە نزیك قوتابخانەی منارەی ئێواران لە گەرەکی شێخی چۆلی شاری هەولێر، کۆمەڵێك لە پۆلیسی هەولێر بە شێوەیەکی زۆر نائینسانیانە هێرشیان کردە سەر قوتابیانی ئامادەی منارەی ئیواران و چەندین قوتابی زامدار بوون لە نێویاندا قوتابی(سەدرەدین خدر قەراجی) و هەموو لەشیان زامدار کرد، دوایی چەند کاتژمێرێك دەست بەسەرکردن لە نەخۆشخانە دواتر ئازادییان کرد.

لە یەکەم رۆژی دەست پێکردنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی پۆلە کۆتاییەکان(پۆلی شەشەم و سێیەمی ناوەندی) بەرپرسانی پەروەردەیی گوشاریکی زۆریان لەسەر قوتابیانی ئێواران دانا گوایە دەیانەوێ (خەش) لە تاقیکردنەوەکان بکەن و لەبەرامبەر ئەمەشدا قوتابیانی قوتابخانەی منارەی ئێواران بۆ رۆژی دواتر نارەزایەتیان دەربڕی و ڕایانگەیاند، ئەم شێوە مامەڵە کردن و ئیهانە و سوکایەتی بە شەخصیەتی قوتابیانیان جێگای قبوڵ نییە و هەڕەشەی چۆڵکردنی هۆڵەکانی تاقیکرنەوەکانیان کرد، ئەگەر بەرپرسان بەم شێوەیە و وەکو دز و تاوانبار سەیریان بکەن! دواتر بەرپرسانی پەروەردە و خودی بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی هەولێر ئاگاداری پۆلیس و ئاسایشیان کردەوە و بە نائینسانی ترین شێوە هێرشیان کردە سەر قوتابیان و لەم نێوەشدا چەند قوتابییەك زامدار بوون بە دەست بەسەری ڕەوانەی نەخۆشخانە کران، چەند رۆژێك بەهۆی سەختی برینەکەیان بەبێهۆشی لە نەخۆشخانە مانەوە بەدەست ئەو هێزانەی بڕیارە ئارامییمان!! بۆ دابین بکەن.

## کرێکاران و کارمەندانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دستیان دایە مانگرتن

بەرواری ٢٨ / ٥ کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەدژی داخستنی کارگەکە دەستیان دایە مانگراتن و خۆپیشاندان و داویان کرد لە جێگای ئەوە شوێنی کارکردنیان بگوازنەوە بۆ کارگەکانی تری چیمەنتۆی سنوری پارێزگای سلێمانی. هەروەها داوایان کرد کە بری ٣٠٪ ئەو پارەیەی لە پاڵ موچەدا وەکو قازانجی سالانەی کارگە پێیانی ئەدا، بۆیان بگێردرێتەوە. شایانی باسە ژمارەی کرێکارانی ئەم کارگەیە نزیکەی ٦٠٠ کارمەند وکرێکارەو رۆژنە بەسەدان تەن بەرهەمی هەبوو، داخستنی ئەم کارگەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەو بریارەی کە وەزارەتی پیشەسازی هەرێم بەمەبەستی پاراستنی ژینگە بڕیاری لێداوە.

## قوربانیانی ناموسپەرستی و توندوتیژی

*رۆژی ٢٥/ ٥ لەگەڕەکی چۆمانی شارۆچکەی چوارقورنە کچێکی تەمەن ٢٠ ساڵ بەناوی" ژاڵە حسین عەلی" لەماڵەکەی خویدا خۆی دەسوتێنی، پاشان لە خەستەخانەی ڕانیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێت. و لەبەرسەختی برینەکەی ڕۆژی ٢٧/ ٥ گیان لەدەست دەدات. بەهۆی سەختی برینەکەیەوە نەیتوانیوە هیچ قسەیەك بکات و هۆکاری خۆسوتاندنەکی بزانرێت.

*رۆژی ٢٦/ ٥ لە شاری کەرکوك ژنێك بەناوی "شلیر... "لەگەڵ هەردوو مناڵ و هاوسەرە تازەکەی، دەکەونە بەردەستڕێژی گوللەی مێردی پێشووی ژنەکە و هەموویان دەکوژرێن. هۆکاری ئەم ڕووداوە ئەوە بووە کە ساڵێك پێشتر ئەم ژنە میردەکەی بەجێدەهێلێت وبێ ڕەزامەندی کەس وکاری شوو بەو کەسە دەکات کە لەگەڵیدا کوژرا.

*رۆژی ٢٨/ ٥ لەگەڕەکی ڕاپەڕینی شاری قەڵادزێ کچێکی تەمەن ١٩ ساڵ، بەناوی " کەوسەر ئیسماعیل" لەماڵی خۆیان ئاگر بەردەداتە جەستەی خۆی کە لەئاکامدا ٧٠٪ جەستەی دەسوتێت و بە پەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێت. هۆکاری خۆسوتاندنەکەی تا ئێستا نەزانراوە.

* رۆژی ٢٨/ ٥ لە گەڕەکی نەورۆزی شاری ڕانیە کچێکی تەمەن ١٢ ساڵ بەناوی "نەستان محەمەد مەحمود" لەلایەن باوکیەوە بە دەمانچە تەقەی لێدەکرێت. هیچ فیشەکێکی بەرناکەوێت بەڵام لە ئاکامی ترسانی زۆردا گیان لەدەست ئەدات، وپاشان لە خەستەخانەی گشتی ڕانیەوە بۆ پشکنین ڕەوانەی خەستەخانەی سلێمانی دەکرێت بۆ لێکولینەوەو شیکاری پزیشکی.

تاوانبارەکە ڕایکردووەو تا ئێستا دەستگیر نەکراوە، هەروەها هۆکاری ئەم ڕووداوە تا ئێستا نەزانراوە.

* رۆژی ٢٩/ ٥ لە گەرەکی تەجاوزەکانی شارۆچکەی چوارقورنە ژنێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بەناوی" دڵسۆز ڕەسول خدر" لە ڕێگای خواردنی ١٨ حەبەوە هەوڵی خۆکوشتنیدا، و بەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە و چارەسەری بۆکرا، هۆکاری پەنابردنی ئەم ژنە بۆ خۆکوشتن بێزابوونی بووە لەژیان، بەڵام هیچ ووردەکاریەکی تری لەپەیوەند بەو بێزاریەوە نەدرکاندووە.

سەرکۆ چاوجوان پەیامنێری ئۆکتۆبەر

## شۆفێرەکانی لۆری لە بەریتانیا ناڕەزایەتیان دەربڕی




دژی گرانی نرخی سووتەمەنی ئەمڕۆ سێ شەممە سەدان شۆفێر بە لۆریەکانیانەوە ڕوویان لە لەندەن و کاردیف کرد و بۆ ناڕەزایەتیان بەرامبەر دانی باجی شەقام و بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی دەربڕی. ئەوەی جێگای سەرنجە ماوەیەکە نرخی سووتەمەنی و دانانی باجیکی زۆر خەڵکی هەژار و دەستکورتی بەریتانیای بێزار و هەراسان کردووە لە پاڵ بەرزبوونەوەی هەموو پێویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵکدا و گەر کار وا بڕوات ناڕەزایی زیاتر و تورەیی خەڵکی دۆخەکە بەرەو خراپی دەبات. لەلایەکی ترەوە شۆفێرەکان هەڕەشەی گرتنی هەموو ڕێگا سەرەکیاکنی بەریتانیا دەکەن و ماوەی ٧ ڕۆژیان بۆ حکومەت داناوە تا بە دەنگ داواکاریەکانیانەوە بچێت. هەروەها بە حکومەتیان ڕاگەیاند ژیان وا بەڕێوە ناچێت و دەبێ زوو چارەمان بکات. ئەم ناڕەزایەتیانە حکومەتی براونی هێناوەتە جووڵە و نازانن چۆن چارەسەری ئەم قەیرانە بکەن و ڕۆژانی داهاتوو دۆخەکە ئاڵۆزتر و گرژتر دەبێت و دەسەڵات زیاتر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە

# ڕیپۆرتاژێك سەبارەت بە منداڵانی کوردستان



## ئامادەکردنی: سەما

سەرکەوت منداڵێکی تەمەن (١١) ساڵە و پیشەی گوڵەبەڕۆژە فرۆشتنە گوتی" دوو سێ ساڵە کاسبی دەکەم، نازانم ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵانیش چییە، لە قۆناغی سێی سەرەتاییم، لەدوای دەوامی قوتابخانەم، یان لەکاتی پشووی هاویندا کاری دەستگێڕی دەکەم، لە بازاڕ و لەکاتی ئیش کردندا کەس لێی نەداوم، بەڵام زۆر جار کە موشتەریەك گوڵەبەڕۆژەم لێ دەکڕێت پارەم ناداتێ و ئازاری دەروونیم دەدات، منیش لەبەرامبەردا دەسەڵاتم نییە، باوکم کاسبە ئەویش لەسەر عارەبانەکەی بسکویت دەفرۆشێت، کە دێم بۆ کارکردن بە ئارەزووی خۆم دێم، کەس زۆریم لێ ناکات، دوای کارکردنم بۆ پشوو دان تەنها نیوەڕۆیان بۆ نان خواردن دەچمەوە ماڵەوە، کاتەکانی تر بەردەوام لە بازاڕ کار دەکەم، ڕۆژی هەزار دینار یان هەزار و پێنج سەد دینار خێر دەکەم".

سەرکەوت لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو و وتی" زۆر حەز دەکەم شاری یاری بکرێتەوە لە شارەکەمان، بۆ ئەوەی بچم یاری منداڵانە بکەم، بەڵام بەداخەوە هیچ شوێنێك شك نابەم، ئەگەر باری ژیانم باش بێت حەز دەکەم بچم بۆ شوێنی خۆش بۆ پشوو دان، یان لەماڵەوە نامیلکەی منداڵان بخوێنمەوە، بەڵام ناچارم کاسبی بکەم، چونکە باری ژیانمان باش نییە، زۆر جار لەبەر ئەوەی لەبەر هەتاو بووم نەخۆش کەوتووم، یان هەتاو کاری لەجەستەم کردووە، یان لەبەر ماندووبوونی نەخۆش کەوتووم".

ڕێناس منداڵێکی ترە تەمەنی لە (١٢) ساڵ زیاتر نییە و بە وتەی خۆی (٤) ساڵە ئاو و بیبسی و شەربەت دەفرۆشێت، ڕۆژی (٦ تا ٧) هەزار دینار پەیدا دەکات، ئەو پارەیەی کە پەیدای دەکات دەیداتە ماڵەوەیان و شتی پێ دەکڕن، ئەگەر بۆخۆی پێداویستیەکی هەبێت ماڵەوە بەو پارەیە بۆی دابین دەکەن، لە درێژەی قسەکانیدا وتی" باوك و برایەکم پێشمەرگەی (ی.ن.ك)نن لە ماڵەوە تا ئێستا پێیان نەوتووم بڕۆ دەرەوە بۆ کاسبی، بە ئارەزووی خۆم هاتوومە ناو بازاڕ بۆ کارکردن، ڕۆژانە لەکاتی کارکردندا لەبەر ئەوەی بۆخۆم بێدەنگم کەس ئازارم نادات، بەڵام برادەرەکانم زۆربەیان لەبەر ئەوەی هاوڕێیەتی منداڵی باش ناکەن تووشی جگەرە کێشان و قومار کردن بوون، نازانم ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان چییە، چونکە کەس پێی نەوتووم، تەنانەت لە مەکتەبیش لە مامۆستایەکانم نەبیستووە، زۆر حەز دەکەم بچم بۆ شاری یاری، بەڵام تا ئێستا نەچووم لەبەر کاسبی کردن، من لەدوای دەوامی مەکتەب دێم بۆ کاسبی، لەبەر ئەوەی دوای دەوام بێتاقەتم کاسبی بکەم باشترە لەوەی کە بچم بۆ ناو منداڵی خراپ و تووشی شتی خراپ ببم".

ژین قوتابی قۆناغی شەشەمی بنەڕەتییە و وەکو هەر منداڵێکی تری ناو بازاڕ وتی" من دوای دەوام دێمە ناو بازاڕ و کاری بۆیاخ چییەتی دەکەم، کڵاش و پێڵاو بۆیاخ و ڕەنگ دەکەم، من دەزانم ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان چییە و ڕۆژی (١-٦) ڕۆژی دنیای منداڵانە، دوو ساڵە بۆیاخ چیم، پێنج ساڵیش لەگەڵ خاڵم خەیاتیم کردووە، لە ماڵەوە حەوت کەسین، من و باوکم کاسبی بۆ ماڵەوە دەکەین، من کوڕی گەورەم لەگەڵ باوکم بەخێو کردنی خێزانەکەمان لە ئەستۆ دایە، لە ماڵەوە دەڵێن بخوێنە، بەڵام حەز دەکەم هاوکاری باوکم بکەم، زۆر کەس کە پێڵاوەکانی بۆ بۆیاخ دەکەم، پارەی تەواوم نادەنێ، یان پێم ڕادەبوێرن، منیش یان دەبێ شەڕی لەگەڵ بکەم، ئەگەر لێشم بدات، یان دەبێ بێدەنگ بم،باوکیشم پینەچییە و پێڵاو دەدورێتەوە، من ڕاهاتووم بۆ کارکردن، حەز ناکەم بچم بۆ پارك و باخچەی منداڵان و شاری یاری لەبەر ئەوەی پارە پەیدا کردن بۆمن باشترە لەکات بەفیڕۆدان (لەو کاتەی کە قسەی بۆمن دەکرد سەرگەرمی کارکردن بوو، کڵاشە بۆر و چڵکنەکانی ناو دەستی دەهێنا و دەبرد و هەڵی دەسووڕاند و خەریکی سپی کردنەوەیان بوو)" وتی من ڕۆژی (٩) هەزار دینار پەیدا دەکەم، ئەویش بۆ ماڵەوە و کەمێکی بۆ مەسروفاتی خۆمە".

سەرتیپ تەمەنی (٨) ساڵە و لە قۆناغی دووەمی بنەڕەتی دەخوێنێت، دوای دەوامی قوتابخانە لەلایەن مامیەوە دەنێردرێتە بەر مەڵ و بەرخۆڵەکانی، خوشکەکەی کە تەمەنی (٩) ساڵە ئەویش سەرەڕای ئەوەی چاوێکی نابینێت و قاچێکی تەواو نییە دەکرێت بە شوانی گۆلك، کە مامی بەخێویان دەکات، چونکە باوکیان لەدەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبات و دایکیان لە باوکیان جیا بۆتەوە، بەم شێوەیە وتی" من شوانی دەکەم، دوای دەوامی مەکتەب دەچم بۆ شاخ بۆ بەخێو کردنی ئاژەڵەکانمان، ئێواران درەنگ دەگەڕێمەوە، شەوانە زوو دەخەوم، چونکە زۆر ماندوو دەبم، مامم لەگەڵمان باش نییە، چونکە ناهێڵێت بچین بۆ لای دایکمان، ڕۆژانە پێداویستیەکانمان بۆ دابین ناکرێت، نەك هەر من، زۆربەی منداڵانی ناو گوند نازانن ڕۆژی جەژنی جیهانی منداڵان چییە، زۆر حەز دەکەم کەل و پەلی یاری منداڵانەم هەبێت، بەڵام لەبەر ئاژەڵەکان ناتوانم یاری بە کەل و پەلی منداڵان بکەم، خوشکەکەم نەخۆشە، سەرەڕای ئەوەی زۆر نەخۆشە زۆریش ماندوو دەکرێت لەلایەن مامم".

نەسرینی خوشکی سەرتیپ وتی" منیش دوای مەکتەب دەبێ هاوکاری ئامۆژنم بکەم، لە قاپ شۆردن و ماڵ خاوێن کردنەوە و منداڵ بەخێو کردن، زۆر جار بە پێڵاوی دڕاوەوە دەچم بۆ شوانی گۆلکەکان، منیش زۆر حەز دەکەم لە یاری منداڵانە کەهەم بێت، بەڵام ناتوانم داوای ئەو کەل و پەلانە بکەم، چونکە پێم دەڵێن تۆ گەورە بووی، هەندێك جار منداڵانی هاوڕێم گاڵتەم پێ دەکەن و دەڵێن کچی ژنە تەلاق دراوەکە، بۆیە هەندێك جار ناتوانم تێکەڵاویان بم".

نەسرین بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی" دایکم زۆر باش بوو بۆمان، بۆیە زۆر بیری دەکەم".

نەسرین وەکو سەرتیپی برای نەیدەزانی جەژنی جیهانی منداڵان چییە و تا ئێستا گوێی لەم وشیەیە نەبووە.

ڕەسوڵ تەمەنی (٧) ساڵ زیاتر نەبوو، لەسەر شۆستەی شەقامەکە دانیشتبوو، پەڕۆیەکی دڕاوی ڕاخستبوو، خەریکی سواڵ کردنبوو، داوام لێکرد وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە، بەڵام بە بێ دەنگی دانیشتبوو. دووبارە داوام لێکردەوە بە درۆ وتی " ناوم محەمەدە و تەمەنم (٩) ساڵە و دەچمە قوتابخانە، بەڵام خوشکە بچوکەکەی لەولاوە هات کە دایکی ناردبووی بەدوایدا وتی ڕەسوڵ دایکم دەڵێت چەندی پەیدا کردووە با بێتە لام، لەوەوە بۆم دەرکەوت ڕەسوڵ منداڵێکی درۆزن دەرچووە.

ڕەسوڵ وتی" جەژنی جیهانی منداڵان نازانم چییە، من بۆ فەقیری دانیشتووم لەسەر جادە، خەڵك خێرم پێ دەکات، لەبەر ئەوەی باری ژیانمان باش نییە ناچارم لەگەڵ دایکم و خوشکە بچووکەکەم بێین بۆ سواڵ کردن، ئەگەر حکومەت مووچەیەکمان بۆ ببڕێتەوە هیچ ئامادە نیم بێم بۆ سواڵ کردن، من لەگەڵ دایکم دێم بۆ سواڵ کردن، منداڵێکمان مردووە تا ئێستالەبەر سەرما و گەرما، نازانم لەبەر خواردن بووە یان لەبەر هیلاکی( ڕەسوڵ زۆر قسەی تری کرد، بەڵام زۆربەیان درۆ بوون، شێوەی بە منداڵێك دەچوو کە نەخۆشی دەروونی هەبێت، بە دەنگی نزمەوە قسەی دەکرد و زۆر حەزی لە خواردن بوو).

# وەفدێکی فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی سەردانی وەزارەتی کۆچی سوید دەکات

## وەزارەتی کۆچی سوید: ئێمە نامانەوێت خەڵکی عێراق بەزۆر بنێرینەوە



وەفدێکی سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی کە پێك هاتبوو لە دەشتی جەمال وبابان عوسمان و هەلاڵە رافع لەگەڵ وەفدێکی وەزارەتی کۆچی سویدی کە پێك هاتبوو لە Gustav Lind جێگری وەزیری کۆچی سوید و ڕاوێژکاری سیاسی لە وەزارەتی کۆچ و نوێنەری حکومەتی سویدی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UNHCR، لە بارەگای وەزارەتی کۆچی سویدی لە شاری ستۆکهۆڵم، سەبارەت بە کیشەی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران کۆبونەوە لە بەیاننامەیەکدا کە فدراسۆن دەریگردووە و وینەیەکی تایبەتی بە ئیمە گەیشتووە. تیایدا هاتووە" وەفدی فدراسیۆن، داوایان کرد سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران دەستبەجێ ڕابگیری لەو بارەیەو فیدراسیۆن و ڕێکخراوی ژنان ئامادەن دەستی هاوکاری درێژ بکەن بۆ هەر هەوڵێك کە حکومەتی سویدی بیخاتە گەر لە پێناو جیگیرکردن و گێڕانەوەی ژیان بۆ پەنابەرانی عێراقی کە قوربانی جەنگ و نا ئارامین . وە داواکاریەکانی پەنابەرانی کوردو عێراقیان خستە روو کە پیکهاتبوو لە:

١-هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی بڕیای گێڕانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ عێراق.

٢-تازەکردنەوەی ئیقامەت بۆ ئەو ١٤٠٠ پەنابەرەی کە بە بریاری تایبەت ساڵی ٢٠٠٥ ئیقامەی یەك ساڵیان پێدراوە.

٣-سیاسەتی پەنابەریان ئینسانی بێت لە بەرامبەر پەنابەری وڵاتانێك کە شەڕ ،نائارامی، نائەمنی تیا بەرقەرارە.

وەفدی باڵای وەزارەتی هیجرەی سویدیش ڕایان گەیاند کە سیاسەتی گەڕاندنەوەی ئارەزومەندنامەیان هەیەو سەبارەت بە داواکاریەکانیش ووتیان:

١-ئێمە نامانەوێت هیچ پەنابەرێك بەزۆر بنێرینەوە وگێرانەوەی ئارەزوومەندانە پەیرەوەی لێدەکەین

٢-چاو دەخشێنین بە داواکاری دووهەم و سێهەم لە زووترین کاتدا وەڵاماتان لێدەگیرینەوە

ئۆکتۆبەر

# درێژەی....... کێشەی باڵەکانی ناوخۆی یەکێتی لەسەر وەڵامدانەوە...............

لیستی دوورو درێژی شەڕەکانی یەکێتی لەگەڵ لایەنەکانی تری سەرساحەی سیاسی کوردستان، و لیستی پێشیلکاریەکانی بەرامبەر بە نووسەرانی ئازادیخوازو نارازی، لیستی بەرگریکردن لە یاسای و کەلتوری دواکەوتوانە، لیستی وابەستەبوونی بە هێزی کۆنەپەرست و وڵاتانی ملهوڕەوە، لیستی بەرگریکردن لە فەرهەنگ و کەلتوری شاخ لەبەرامبەر فەرهەنگ و کەلتوری شاردا ،... هێندە درێژەو قابیلی دەست پێراگەیشتنە، خۆ هیلاکردنی زۆری ناوێ.

یەکێتی نەك بۆ سنوودارکردنی دەسەڵاتەکەی هەنگاوی نەناوە بەڵکە هەموو هەوڵی بووە هەواو سروشتیش بخاتە خزمەت دەسەڵاتی ڕەهای خۆیەوە. لەمامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ناوخۆیدا لەمە باشتر نەبووە، لیستی ڕاوەدونان زیندانیکردن، و بێسەروشوێنکردن کوشتاری مخالیفین لە ڕیزەکانی خۆیاندا دیسان کەم نین.

ئەمانە بوختان نین، ئەمانە تایبەتمەندی یەکێتی یە بەهەموو باڵەکانیەوە، ئەمە هێڵی زاڵ و سیاسەتی زاڵ و بەرنامەی زاڵ و پراکتیکی زاڵی ناو یەکێتی نیشتمانی بووە بە هەموو خەتەکانیەوە، بەهەموو شەخسیاتیەکانیەوە. ئەگەر دەنگی "نا" یەك هەبوبێت، ئەگەر مخالەفەتێك هەبوبێت بەم ڕێچکە سەرەکییە، هەم زۆر خامۆش بووەو هەم لە چوارچێوەی هێڵی زاڵ و سیاسەتی زاڵی یەکێتی واوەتر نەچووە. و ڕێچکەیەکی تری نیشاننەداوە، سنووربەندیەکی بەرچاوی نەبووە.

هەروەها یەکێتی نیشتمانی هێزێکە بە هەموو بانگەشە جیاوازیەکانیەوە لەگەڵ حزبە منافسەکانی، نەك پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز لە پرۆژەی حزبە ڕەقیبەکانی پێشکەش نەکردووە، بەڵکە دەمێکە وەکو پاشکۆی پرۆژی حزبی ڕەقیبی مامەڵە دەکات. و ئێستا یەکێتی ئیتر ئەو هێزەی جاران نییە.

باڵەکانی ناویەکێتی هەموویان بەشدارن لەم پرۆسەیەدا، هەموویان بەشدارن لەو سیاسەت و پرۆژانە، پاشەوپاشگەڕانەوەی یەکێتی بەگشتی و بەتایبەت لەهەمبەر پارتیدا واقعیەتیکی ئینکارهەڵنەگری ترە، پێگرتنی باڵەکان و توندبونەوەی کێشەکانی تا ئەم ئاستە ڕیشەی لەم واقعیەتانەدایە.

کێشەی باڵەکانی یەکێتی یان کێشمەکێشی ناوخۆی یەکێتی لەسەر وەڵامدانەوە بە خواستەکانی خەڵکی کوردستان نییە، لەسەر کۆتاییهێنان بەدزی و تاڵانی و گەندەڵی نییە، لەسەر بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ و خواستەکانی کرێکاران و لاوان و ژنان نییە، لەسەر ئاوەدانکردنەوەی و خزمەتگوزاری و گۆڕینی سیستەمی خوێندن و پەروەردەو ڕێزگرتن لە مافە مەدەنی و فەردیەکان نییە، لەسەر ڕێزگرتن لەیاساو کارکردن بە ئاقاری پێکهێنانی دەوڵەت و حکومەت و کۆتاییهێنان بەشێوە دەسەڵاتی میلیشیایی نییە، لەسەر دەسبەردان بوون بەوابەستەیی وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی ناوچەکە نییە، لەسەر ڕێز گرتن لە ماف و حورمەتی ئینسانەکان نییە.

نە بەناو ریفۆرمخوازەکان و نە ناریفۆرمخوازەکان، نە باڵەکانیتر هیچ جیاوازیەکی بەرچاویان لەگەڵ یەك نییە، بۆڵەیان لەگەڵ یەك هەیە، دەسەڵاتی زیاتر لەیەك داوا ئەکەن، سامانی زیاتریان لەیەك دەوێت، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دوای تاڵەبانی،... ئەمە ئەو ڕاستیانەن کە دەبێ خەڵکی کوردستان بیزانن.

بێگومان چۆن حزبە قەومیەکانی کوردستان بە گشتی و یەکێتی نیشتمانی بەتایبەتی نەیتوانیووە تەحەمولی نارەزایەتی خەڵکی کوردستان بکات، چۆن نەیتوانیووە لە قوڵبونەوەی کێشەکانی لەگەڵ حزبەکانی سەرساحەی کوردستان و تەنانەت هاوپەیمانەکانی دەست بۆ توندوتیژی نەبات بۆ یەکلاکردنەوەیان، ئاواش ئەم هێزە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ناوخۆی دوور نییە ئەم جەنگی ساردەی ئێستایان نەکەنە جەنگی گەرم و پر توندوتیژی، خەڵکی کوردستان و بەرەی ئازادیخواز ڕادیکاڵی کوردستان پێویستە درکی ئەم هەڕەشەیە بکەن. ئەمە هەڕەشەیەکی واقعییە، باجەکەی بە پلەی یەکەم خەڵکی کوردستان ئەیدات.

سەرنووسەر

# مانگرتن و خۆپیشاندانی ملیۆنی کرێکاران و قوتابیانی فەرەنسا




ایار / مایو ٢٠٠٨

بۆبەرگری لە بواری پەروەردە و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، زیاتر لە ملیۆنێک لە کرێکارانی کەرتی گشتی مانیانگرت و ڕۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٨.٥.١٥ سێ سەد هەزار خۆپیشاندەر ڕژانە سەرشەقامەکانی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی فەرەنسا. مانگرتوان دژی پلانی حکومەت بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ١١٢٠٠ پیشەی پەروەردەیی و ٣٠ هەزار پیشەی خزمەتگوزاری لەکەرتی گشتیدا ناڕەزایەتیان دەربڕی.

لەزۆربەی شوێنەکاندا قوتابیانی ئامادەیی یەکان سەرپەرشتی ناڕەزایەتیەکان بوون. ئەم شەپۆلی ناڕەزایەتیانە سەندیکای کرێکاران و ڕێکخراوەکانی قوتابیانی گرتەوە. کەمی کرێ و خراپبوونی باری گوزەرانی کرێکاران و قوتابیان، خۆپیشاندان و مانگرتنی سەد هەزار کەسی زۆربەی شارەکانی پاریس و مارسیلیا و تۆلۆز و لیۆن و بۆردۆ ی گرتەوە. هەروەها لە ستراسبۆرگ و لیل و لۆهافر و بیربینیا کرێکارانی کەرتی گشتی کۆبونەوە و ناڕەزایەتیان لە هەڵوەشاندنەوەی خزمەتگوزاریەگشتی یەکان دەربڕی.

لە ئێمیان قوتابیان و کرێکاران پێکەوە داوای خزمەتگوزاری گشتی و زیادکرنی توانایی کڕین بوون. لە دروشمی قوتابیاندا بێزاریان بەرامبەر نا یەکسانی پەروەردە و فێکرن دەر بڕی. هەرەها کرێکارانی ئاگر کوژێنەوە و نەخۆشخانەکان و گەیاندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداری خۆپیشاندان بوون. حەوت سەندیکای هێڵی شەمەندەفەر داوای بەشداری کرێکاریانیان لە مانگرتنی ٥.١٥ دەکرد. لەلایەکی ترەوە یەکێتیەکانی مامۆستایان دژی هێرشکردنی حکومەت وەستانەوە بۆسەر مانگرتوان و خۆپیشاندەران. سارکۆزی لایەنگری ئەمەریکا و پشتگیری ئیسرائیل دژی ئەم هەنگاوانە وەستایەوە. بەڵام جەماوەری نارازی داوای زیاتر هاوپشتی و یەکگرتووی کرێکاران و لاوان بوون بۆ نەهێڵانی زوڵم و چەوسانەوەی سەرمایەداران. لەلایەکی ترەوە دژی ناردنی هێزی سەربازی بۆ ئەفغانستان و پشتگیری حکومەت بوون لەدەوڵتی ئیسرائیل. خۆپیشاندەران دەیان ووت لە دنیای سەرمایەداریدا هاوسەنگی و یەکسانی نی یە و دەبێ ئەم دنیایە بڕوخێنین و دنیایەکی نوێ لە شوێنی دامەزرێنین.

# بێبەهرەیی لە پیاهەڵداندا



**زمناکۆ عزیز**

چاوخشانەوەیەکی خێرا بەسەر ئەرشیفی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو بەرنامە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆییەکانی ڕژێمی بەعسدا، بەغەیری پیاهەڵدان بە سەرۆك و پیرۆز ڕاکرتنی سەرۆك و بردنی سەرۆك بۆ ئاستی سەروتر لە"خوا" شتێکیتر بەدیناکرێت، ئەوەش یەکێك بووە لە ناوەڕۆکی هاوبەشی سەرجەم نوسەرانی ئەو دەزگایانەی سەردەمی بەعس. هونەری پیاهەڵدانی سەرۆك بۆ زۆرێك لەوڕۆشنبیرانە لەڕۆژانی جەنگی عێراق-ئێراندا، گەیشتبووە ئاستێك کە خەڵکانێکی زۆر پێی سەرسام بن، ئەوەندە درۆکانیان ووتبووەو تاوایلێهاتبوو کە خۆشیان باوەڕیان پێکردوو، پێوەری ئەمان بۆ ئەم ڕەفتارە، دروشمی نازییانەی"درۆ بکە، درۆبکە، تاباوەڕت پێدەکەن" بوو. ئەوەش وایکردبوو کە سەرباری ئەو هەموو تاوانانەی کە خودی سەدام و ڕژێمەکەی کردیان بەرامبەر بەخەڵکی عێراق، کەچی زۆرێك هەبوون لەژێر کاریگەری ئەو درۆیانەو پیاهەڵدانەکانی قەڵەم بەدەستەکانی ڕژێمدا سەرسامیان نیشان ئەدا بەرامبەر بە"سەرۆك". ئەم هونەرە داهێنانی بەعس نەبوو، بەڵکو بەرلەئەویش هەرهەبووە، بەڵام قەڵەمبەدەستانی بەعس سیماو ڕواڵەتێکی نوێیان پێبەخشی. هەرئەمەش وایکرد کە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بەعس لەچاو باقی دەزگاکانیتری بەڕێوەبردنی وولاتدا، جێگەوڕێگەیەکی باڵایان ببێت و زۆرترین خەرجیش لەو بوارانەدا کراوە. کەم نین ئەو نوسەرو شاعیرو گۆرانیبێژو قەڵەمبەدەستانەی کە بە مەلایین دیناریان وەك خەڵات وەرگرتوە، یان چەندین ملیۆن لیتر نەوتی ڕەشیان پێدراوە، یان دەیان دۆنم زەوییان بۆ تاپۆ کراوەو بەدیاری پێیاندراوە. بەڵام ڕژێم ئەم کارانەی لە ڕێگەی وەزارەتی (ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن)ەوە ئەنجام ئەداو، بواری کارەکەیان هێندە فراوان بووبووەوە کە لەسنوری عێراق تێپەڕی و چەندین "هونەرمەند" و "شاعیری گەورە" و "ڕۆژنامەنوس"ی دیاری دنیای عەرەبیان بەفشاری پارەو بەرتیل پەلکێشکردن و هێنانیانە ناو پرۆژەکەیانەوە، تەنانەت چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی زلناویان بۆ مەیدانەکەی خۆیان پەلکێش کردبوو.

کلتوری دیکاتاتۆرەکان کە لەمێژەوە هەبووەو بە ڕژێمی بەعسدا تێپەڕی کردو گەیشتە کوردستانیش، بەڵام ئەوهونەری پیاهەڵدانە بە هونەری ماستاوکردن(مامەحەمەیی)گۆڕدرا ، کە بەزەحمەت نەگەییە گەورەکانی حزبەباڵادەستەکانی کوردستان ئەبینێتەوە کە لەلایەن قەڵەمبەدەستەکانیانەوە بە ڕوودای گەورەی گرنگ و مێژوویی لێکنەدرابێتەوە. تەنانەت ئەوان دەیان هۆنراوەو گۆرانی و نوسینی جۆربەجۆریان بەسەر شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتیدا هەڵداوە، زورناژەنەکانی پارتی ئێستاشی لەگەڵ بێت کارەساتی ٣١ی ئاب لە "تاکتیکی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی" دا لێکئەدەنەوە، قەڵەمبەدەستەکانی یەکێتیش کە بە پشتیوانی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی پاسدارو جمهوری ئیسلامی پاش ٣١ ئاب توانیان بێنەوە سلێمانی، کەچی ئەوە بە "قارەمانێتی" و "سیاسەتی حەکیمانەی تاڵەبانی" لەقەڵەم ئەدەن. ئێستاشی لەگەڵ بێت نوسەرانی هەردوو حزب هەر سوورن لەسەر پیاهەڵدان و"ماستاوکردن"و بەگەورەدیتنی هەموو هەنگاوەکانی "سەرکردایەتی" ئەحزابی دەسەڵاتدار، لەناو ئەو سەرکردایەتیەشدا پیاهەڵدان بۆ( تاڵەبانی بارزانی)، بەڵام ئێستا بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی پارتی (سەرۆ قادر) زیاد لەپێویست شوڵی لێهەڵکێشاوەو خەریکە بەجۆرێك توندڕەوی ئەکات لە پیاهەڵداندا، ئەیەوێ سیمایەکی نوێ ببەخشێت بەهونەری ماستاوکردن، خەریکە بە هەموو ئەزموونی ماستاوچییەکانی حزبەکەی و گشت پیاهەڵدەرانی کوردستان گاڵتە ئەکات. ئەوەتا لە ژمارە(٢٨٣٩)ی ڕۆژنامەی خەباتدا سەبارەت بە هەواڵی پێدانی (دکتۆرای فەخری) بە نێچیرڤان بارزانی، لەلایەن زانکۆیەکی ئەمریکیەوە، سەرووتارێکی نوسیوە کە هەمان ڕۆژیش لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کراوەتەوە، بەناونیشانی" دکتۆرای کارو پێشکەوتن" کە هۆکاری پێدانی دکتۆرا فەخریەکەی گێڕاوەتەوە بۆ ئەم هۆکارانە. سەرۆ قادر ئەڵێت: لەبەر ئەم بنەمایانە نێچیرڤان بارزانی هەڵبژێردراوە بۆ ئەم دکتۆرا بەخشینە:

١-بە سەرکردەیەکی کاریگەری ئەزانن لەپرۆسەی دیموکراسی کوردستان.
٢-بەسەرۆك حکومەتێکی سەرکەوتوی ئەزانن لەبواری خزمەتگوزاری و پەرەپێدان و گەشەی ئابووری.
٣-بەسەرکردەیەکی شارەزاو کاریگەری دادەنێن لەبواری لێکحاڵیکردنی پێکهاتەکانی کوردستان و ئێراق.
٤-ئەندازیارێکی سیاسی و سەرکەوتووی چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی ناو کوردستان و ئێراق و دەوڵەتە دراوسێکانی کوردستانە.
٥-ئاشتی هەمیشە ڕێگای هەڵبژێردراویەتی لەئەڵتەرناتیڤەکانی ناو تەنگژەکاندا.
٦-پارێزەرێکیماندوونەناسی بواری مافەکانی مرۆڤە، بەتایبەتی زۆر بایەخدان بە دابینکردنی ئازادییەکانی ئافرەت و پاراستنی گیانیان دەدات.

ئایا (سەرۆ قادر) ڕاست ئەکات کە باس لەپرۆسەی دیموکراسی ئەکات لەکوردستان؟، کام دیموکراسی؟، ئەو فەزای جەنگی ساردەی نێوان حزبەکەی و هاوپەیمانە ستراتیژییەکەیان؟، ئەو پێشێلکارییانەی کە ڕۆژانە لەسایەی حکومەتەکەی "دکتۆر نێچیر"دا بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان ئەکرێت؟. سەرکوتی داواکارانی زیادکردنی مووچەو داگرتنی نرخی کاڵاکان چ تەباییەکی لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە؟ خزمەتگوزاری لە ڕوانگەی (سەرۆ قادر)ەوە چیە؟ کارەبا لە خراپترین حاڵیدایەو نەخشەشیان هەیە بۆ چەندبەرابەرکردنی نرخەکەی، ئاوی شارەکان تێکەڵ بەزێراب بووەو بەوهۆیەوە دەیان دەردو نەخۆشی بڵاوبووتەوە. چاڵوچۆڵی و خراپی جادەوبانەکان، ڕۆژانە هۆکاری مردنی دەیان کەسن. کاڵاهاتوەکان هەرهەمویان ئیکسپایەرو هۆکاری سەرهەڵدانی دەیان نەخۆشی گەورەو کوشندەن کە پێشتر لەکوردستاندا ناویشیان نەبووە، کۆمپانیاکانی "کاك دکتۆر"و ئەوانەی حزبەکەی و دۆستەکانیان بەحەق خزمەتگوزارییان بۆ ئەکرێت، ئەوان ئازاد کراون کە لەڕێگەی پرۆژەکانیانەوە کوردستان لەهەموو داهاتەکانی بدۆشن و خێرو بەرهەمی کارەکانیشیان تەنها بۆ خێڵی دەسەڵاتەو کەسی ئاسایی ئەم جوغرافیایەی کە کوردستانی ناوە، بە درێژایی تەمەنی ناتوانێ بەهرەمەندبێت لەهیچکام لەو پرۆژەو خزمەتگوزاریانە. باسی سەرۆك حکومەتێکی سەرکەوتوو ئەکات، کەچی هێشتا ئەو سەرۆکی نیوەی ئەو حکومەتەیەو سەرۆکی واقعی بەشەکەیتر جێگرەکەیەتی، تاچەند حساب لەسەر قسەو پێشنیارو ڕێنماییەکانی سەرۆکی حکومەت کراوە؟ ئاخر ئەو کەنەتوانێ بڕیار لەسەر دامەزراندن یان دەرکردنی پۆلیسێکی سلێمانی بدات، جگەلە پێوەرەکەی (سەرۆ قادرو هاوبیرەو هاوپیشەکانی) بەکام پێوەر ئەکرێت پێیبوترێت "سەرۆکی حکومەتێکی سەرکەوتوو؟" ئەو کە توانای لێکگرێدانەوەی هەردوو بەشەدابڕاوەکەی کوردستانی نەبێت و لەسایەی حزبەکەی خۆیدا ئیمارەتی بادینانیان دامەزرابێت، چۆن ئەکرێت پێبوترێت "سەرکردەیەکی شارەزاو کاریگەری دادەنێت لەبواری لێکحاڵیکردنی پێکهاتەکانی کوردستان و ئێراق؟". ئەو لەقیادەی حزبێکدایە کە خۆیان هۆکاری کێشەو گرفتەکانی پێکهاتەکانی کوردستانن، ئیتر ئەمە چ پیاهەڵدانێکە کە سەرۆ باسی لێوەکردوە؟ ئیدارەیەك کە نەتوانێ لەبەردەم هەڕەشەی جەنەراڵێکی سوپای تورکیادا خۆی ڕابگرێت، حکومەتێك کە مانەوەی بەندە بە بوونی نائارامی و پشێوی و قەیرانەکانەوە لەئێراق و ناوچەکەدا، کە هەرگیز لە حاڵەتی ئاساییدا توانای یەك ڕۆژ ژیانی نەبێت، حکومەتێك کە بەمانای ووشە کەوتۆتە تاڵانکردنی داهات و گشت بوونەکانی حکومەتەکەی خۆی، ئەکرێت ناوی لێبنرێت حکومەت؟ بەڕاستی سەرۆ قادر بەو ووتارەی کە سەبارەت بەدکتۆراکەی نێچیرڤان بارزانی نوسیویەتی، وەك پیاهەڵدەرێکی بەردەرگای سەرکردایەتی پارتی، بێبەهرەیی و ناتوانایی خۆی نیشانداوە لە پیاهەڵدان و ماستاو ساردکردنەوەداو تەنانەت لەسەرجەم ڕێساو ئەخلاقی ماستاوچییەکانیش لایداوە. لەوەش خراپتر کاتێك ڕۆژنامەنوسێکی ڕۆژنامەکەی حزبەکەی لە (ڕۆژنامەی هاوڵاتی)دا ڕەخنەی لێدەگرێت و خەریکە کۆمەکی بکات و پێبڵێت "کاکە تۆ لەهونەری ماستاوکردن و پیاهەڵدان لاتداوەو بەهۆشی خۆتا وەرەوە" کەچی لەجیاتی سوپاسی ڕۆژنامەنوسەکەو ڕەخنەلەخۆگرتن، هەستاوە بەدەرکردنی بڕیاری دوورخستنەوەی ئەو ڕۆژنامەنوسەی کە بەرپرسی لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی(خەبات)ە. هەر ماستاوچیەکان و پیاهەڵدەراکان بەتەنها ناشیرین نین، بەڵکو ماستاوچیە بێبەهرەکان و ئصوڵیە پیاهەڵدەرەکان ناشیرینترن. تەنانەت ژمارەشیان هێندەزۆرە کەئەگەر وەزارەتی ماستاوچیەکانی حکومەتی هەرێم دابمەزرێنرێت ئەوا ژمارەی کارمەندەکانی لەسەرجەم کارمەندەکانی وەزارەتەکانیتر زۆرتر ئەبێت!.

**ئیدارەیەك کە نەتوانێ لەبەردەم هەڕەشەی جەنەراڵێکی سوپای تورکیادا خۆی ڕابگرێت، چۆن پێیئەووترێت حکومەت؟**

# مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای بیلال سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات



سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٤ کرێکارانی کۆمپانبای بیلال کە کۆمپانیایەکی ئەهلیە وخەریکی دانانی وێستگەیەکی کارەبایە لە چەمچەماڵ،کە بریارە بڕی ٧٥٠ مێگا کارەبا دروست بکات، دەستیان دایە مانگرتنێکی گشتی دژ بە دواکەوتنی کرێکانیان،سەرەتای مانگرتنەکە بەڕێوبەری کۆمپانیاکە ویستی بەهەڕەشەو چاوسورکردنەوە کرێکارەکان بترسێنێ وە پاشگەزیان بکاتەوە لە خواستەکەیان، بەڵام کرێکارەکان گوێیان بە هەڕەشەی خاوەن کۆمپانیا نەداو سوربوون لەسەر خواستەکەیان تا ملدانی خاوەن کۆمپانیا بە خواستەکەیان.

بەدوادا چونی زیاتر لەمبارەیەوە پەیامنیری( ئۆکتۆبەر) پەیوەندی کرد بەیەکێك لە ڕابەرانی ئەم مانگرتنە( عەلی قادر ڕەشید ) کە کرێکارە لەو کۆمپانیایەو گفتوگۆیەکی کورتی لەگەل سازدا، لە لاپەرە........ دەقی ئەو گفتوگۆیە بخوێنەوە.

ئۆکتۆبەر:کاك عەلی سەرەتا خۆت بە خوێنەرانی ئۆکتۆبەر بناسێنە.

من ناوم عەلی قادر ڕەشیدە دانشتوی شاری کەرکوکم و کرێکارم لە کۆمپانیای بیلال.

ئۆکتۆبەر: کاك عەلی ئەگەر بکرێ باس لە شێوەی کاری خۆتان بکەی لەو کۆمپانیایە؟

عەلی قادر : ئێمە کە نزیکەی شەش سەد کرێکارین لەو کۆمپانیایە وە کاری ئاسنگەری و دارتاشی و چەندین کاری تر ئەکەین، کارەکەمان بە کرێی ڕۆژانەیە وە هەمو سەری هەفتەیەك کرێکانمان وەردەگرین.

ئۆکتۆبەر: ڕۆژانەتان چەندە وە چەند سەعات کار ئەکەن ؟

عەلی قادر: ئێمە هەموو ڕۆژێك لەسەعات ٧ ی بەیانیەوە تاکو ٤ ی ئێوارە کار دەکەین، بەڵام سەبارەت بە کرێی ڕۆژانەمان کرێکەمان وەکو یەك نییە وەستا کار ٥٠٠٠٠ دینار وەردەگرێ و کرێکار ٢٠٠٠٠ دینار وەردەگرێ.

ئۆکتۆبەر: پرۆژەی ئەم کۆمپانیایە چیە ؟

عەلی قادر: ئەم کۆمپانیایە خەریکی دانانی وێستگەیەکی کارەبایە کە توانای دانی بڕی ٧٥٠ مێگا کارەبای هەیە .

ئۆکتۆبەر: هۆکاری ئەم مانگرتنە چی بوو ؟

عەلی قادر: ئێمە لەو کۆمپانیایە کار ئەکەین وەکو باسم کرد هەموو سەری هەفتەیەك پارە وەردەگرین، بەڵام لەم دواییەدا جاری واهەبوو دانی کرێ دوائەکەوت بۆماوەی سێ هەفتە وە ئەمەش بووە هۆی نیگەرانی سەرجەم کرێکارەکان، جگە لەمەش کاتی دانی پارەکە بۆخۆی کێشەیەکی تر بوو چونکە ئەوان پێنج شەمووان لەدوای سەعات چواری ئێوارەوە دەستیان ئەکرد بە دانی کرێکانمان، کە سەرەڕای ماندوییمان دەبوایە سێ سەعات لەڕیزی پارە وەرگرتندا بوەستاینایە کە ئەمە هەم ماندوبوونێکی زۆر بوو هەم شەو ئەگەیشتینە ماڵەوە.

ئۆکتۆبەر:مانگرتنەکە چۆن دەستی پێکرد؟

عەلی قادر: سەرەتا هەمو کرێکارەکان نارازیبونی خۆیان لەم وەزعە لەگەڵ یەکدا دەرئەبڕی، هەربۆیە من وچەند کرێکارێکی تر پێشنیاری مانگرتنمان لەگەڵ کرێکارەکان کرد وە زۆربەی کرێکارەکان پێیان باش بوو. هەر بۆیە سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٤ مانگرتنی گشتیمان ڕاگەیاند وە زۆربەی زۆری کرێکارەکان کۆبونەوە، لەپێشدا بەڕێوەبەری کار هەڕەشەی لێمان کرد ، بەڵام کەس گوێی پێنەدا وەبەرەوئیدارەی کۆمپانیا بەڕێکەوتین، لەمیانەی ئەمەدا پێش ئەوەی بگەینە لای ئیدارەی کۆمپانیا ئاسایش دەخالەتی کرد بەمەبەستی هێمنکردنەوەی وەزعەکە بەڵام سودی نەبوو وە کاتێك بەتەواوی هەستیان بەڕق و بێزاری کرێکارەکان کرد هەڕەشەی هێنانی ئاسایشی تریان کرد، بەڵام من وەعدی ئەوەم پێدان کە ئەگەر ئیدارە وەڵام بە خواستەکانمان بداتەوە وەزعەکە هێوردەبێتەوە، ئەگەر نا من بەرپرس نیم، دواتر کاتێك گەیشتینە بەردەم ئیدارە و کەناڵی ڕاگەیاندن هەوڵی هاتنە ژورەوەیان دابوو بەڵام ڕێگەیان پێنەدابوون، هەر بۆیە ئێمە ناچار بوین کە بڕۆینە دەرەوەی کۆمپانیا وە خاوەن کۆمپانیا سەرەڕای ئەوەی کە هەڕەشەی زۆری لەکرێکارەکان کرد بۆئەوەی لەکەناڵی ڕاگەیاندنەوە قسە نەکەین بەڵام سودی نەبوو. سەرەنجام خاوەن کار ناچار بو مل بەخواستەکانمان بدا وە هەربەمەشەوە نەوەستاین بەڵکو ڕۆژی مانگرتنەکەشمان بە ڕۆژ کاری تەواو لەسەر کۆمپانیا حساب کرد .

ئۆکتۆبەر: دوا وتەت چیە ؟

عەلی قادر: من لێرەوە بانگەوازی سەرجەم کرێکارانی کوردستان ئەکەم کە لەدەوری یەك کۆببنەوە، تاکە ڕێگە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان هەر یەکگرتنە وە داوا لە کرێکارانی کۆمپانیای بیلال ئەکەم کە بەدەر لەهەموو جیاوازیەکی عەرقی و دینی و عەقیدەیی پشتی یەك بگرن، ئەمە بە هەنگاوی سەرەتایی ئەم یەکریزیە بزانن. وە هەر لێرەشەوە سوپاسی ماندوبونی ئێوە ئەکەم و دەستان خۆش بێت.

سازدانی / ڕەمەزان سابیر

## حکومەتی هەرێم پێش ڕوداو دەکەوێت

**ڕەوا بورهان**

ڕەنگەئەمەهیچ گرنگیەکی تێدانەبێت گەر حکومەت پێش ڕودانی کێشەیەك ، پێشبینی کێشەکە بکات و پێی بزانێت، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەربکەم لێدوانێکی بەڕێوبەری ژینگەپارێزی سلێمانیە کە لەژمارە ٦٧ گۆڤاری لڤیندا بڵاو کراوەتەوە تێیدادەڵێت : چاوەڕوانی نەخۆشی کۆلێرا دەکەین. گەر ئەمە لەهەر وڵاتێکی تر بێت حکوومەت لەتیرۆر خراپتر سەیری دەکات و هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات.

لای ئێمە چاوەڕیدەکرێت، ئەمە پێشبینی حکومەتی هەرێمە بۆنەخۆشی کۆلیرا. وەك دەبینین نەخۆشی کۆلێرا ساڵی پێشووش هەر لەهەمان وەرزدا سەری هەڵدا ئەمساڵیش سەری هەڵداوەتەوە، ئەمە مانای وایە کە ئەم نەخۆشیە چارەسەرنەکراوە. وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت بڵاو بونەوەی نەخۆشی کۆلێرا بەهۆی ئاوی پیسی خواردنەوەیە کەڕاگەیاندنەکان بەهەمان شێوە باس لە تێکەڵاو بوونی ئاوی خواردنەوە لەگەڵ ئاوی زیرابدا دەکەن، ئەمەش خۆمان هەموو ڕۆژێك دەیبینین یان دەیبیستین کەچی بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتی ئاو لەسلێمانی ئاماژە دەدات بەپاکی ئاوەکەیان و دەڵێت "ئەوئاوەی لەسەرچاوەکانی ئێمەوە دەدرێتە هاوڵاتیان پاکەو پیس نییە ، تەنها ئەو ئاوانەنەبێت کە لەبیردەردەهێنرێن وەدەخورێنەوە کە ئەوانە پیسن ".

من لێرەدا دەپرسم گەر ئاوەکە پاکەو پیسی تێدانییە ئەی خەڵك بۆنەخۆش دەکەون؟ ئەوەی ماوەبیڵێم ساڵی پێشووش ئەم نەخۆشیە شاری سلێمانی و کەکوك و دەوروبەری گرتەوە حکوومەت ئەم ساڵیش چاوەڕوانە بەبێ ئەوەی ڕێگەچارەیەك بگرێتە بەر.

ئایا بودجەی حکومەت زۆرکەمەو ناتوانی بڕێکی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم نەخۆشەیە تەرخان بکات؟ گەندەڵی ڕەگو و ڕیشەی هەموو وەزارەتەکانی تەنیوە ئایا حکوومەت تەنها دەبێت چاوەڕوانبێت و سەیری شاشەکە بکات چۆن خەڵك لەبەردەمیدا بەنەخۆشی کۆلێراوە دەناڵێن و دەمرن؟ ئەمانیش پێی پێبکەنن.

# کاری پیشەیی بۆ منالان‌و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی دەبێ قەدەغەبکرێت



# مینبەری هەڵسوڕاوان

مینبەری هەڵسوڕاوان، گۆشەیەکە هەرجارەی گفتوگۆو دیدار لەگەڵ ڕابەرانی کرێکاری‌و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان ساز ئەکات



**پ/ئۆکتۆبەر: پەیامت چی‌یە لە ٦/١ ڕۆژی جیهانی منالان ؟**

کامەران لەتیف پێشەکی بەناوی خۆم و ستافی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالانی کوردستان ئۆفیسی سلێمانی گەرمترین وجوانترین پیرۆزبایی ٦/١ ڕۆژی‌جیهانی منالان لەسەرتاسەری جیهان وعێرق دەکەم بەتایبەتی منالانی کوردستان ، کەبەداخەوە منالانی کوردستان زۆرێکیان بێ ئاگان لەم ڕۆژەی خۆیان کەپێویست بووگەورەترین وجوانترین ئاهەنگ وخۆشیان بۆ بەرێك بخرایە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەرنج بدەینەسەرژیانی منالان بە هۆی ئەم دنیای سەرمایەداری نابەرابەریەوە دەبینین وەزعیەتێك کەمنالانی تێدایە لەزۆرێك وولاتان ئێجگارمەترسیدارە بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کەتائێستا بەدەست (هەژاری وشەڕو کێشەی کۆمەلایەتی وئابووری ودەیان کێشەی تر..........) دەنالێنن، منالان وەك مرۆڤێك تەماشاناکرێ ،لەم سەردەمی پێشکەوتن وکێبڕکێی تەکنەلۆجیایەدا دەبینین منالان لەخراپترین و نائینسانیترین ژیان دەگوزەرێنن ، ئەوئامارانەی کەڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ودەزگا ڕەسمیەکان بلاوی دەکەنەوە ئێجگار مەترسیدارن کەتا ئێستا بە ملیونەها منالْ کاری قورس وتاقەت پرووکێن دەکەن، بەملیونەها منالْ لە خوێندن بێبەشن و بەهەزارەهای تر(کاری چەکداریان پێدەکری ،کاری سێکسیان لە گەڵ دەکرێ، سوالیان پێدەکرێ ،ئالوودەیان دەکەن بە مادە هۆشبەرەکان ، توشی ئایدز بوون ، توشی بەدخۆراکی بوون ، کاری بازرگانیان پێوە دەکری ،دوچاری توندوتیژی‌و کوشتن وڕفاندن دەبنەوە..................هتد ) هەتا ئەو جێگایەی کەدەگاتەوە بەمنالانی عێراق کەتائێستاش زۆرترین قوربانیەکانی کێشە سیاسی وئابووریەکان باجەکەی خێزانە هەژارو کەم دەرامەتەکان دەیدەن لە پێش هەمووشیانەوە منالان کەبوونەتە سووتەمەنی شەڕی ناوخۆوعەشیرەتی وتەقینەوەکانی ڕۆژانە کەلە ٢٠/ی قوربانیەکان منالانن.

لەکوردستانیش هەرچەندە تارادەیەك کێشەی ئەمنی نی‌یە ،بەلام دەیان کێشەی تر هەیە کە هەڕەشەی جدی کردۆتە سەرمنالان وچارەنووس ودواڕۆژی نادیارکردوون ، لە کوردستان بە هەمان شێوە کێشەی (کارکردن بە منالان ، دیاردەی سوالکردنی منالان ،وازهێنان لە خوێندن ، نەبوونی پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانی منالیان ،توندوتیژی وڕفاندن تا دەگاتە ڕادەی کوشتن ، نەبوونی جێگای ئیشتەجێ بوون ،هەژاری وکەمدەستی خێزانەکان ......هتد) ئەگەربەوردی بڕوانین تا ئێستا کێشەی منالان نەلای دەسەلات نەلای خەلك بەگشتی نەبۆتە کێشەیەکی سەرەکی ،واتە دەسەلات وخەلك بەگشتی حساس نین بەرامبەر کێشەکانی منالان ،بۆنموونە ڕۆژانە چەندین پێشێلکاری دژی مافەکانی منالان دەبینین لەم کۆمەلگایە دا کەچی دەسەلات بۆی گرنگ نی‌یە ،لە هەمان کاتدا خەلکیش بۆی نەبۆتە مەسەلەیەکی جدی ، بۆیە ئەرکی دەسەلات وحکومەتە کە مەسەلەی منالان بکاتە مەسەلەیەکی چارەنووساز لەڕێگەی سەرجەم دەزگا پەیوەندارەکانەوە ،لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە ،لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەی تاك بە تاکی ناوکۆمەلگا لە ڕێگەی پەروەردەو سستمی خوێندن.......هتد ڕاستە بەرپرسی یەکەم حکومەتە کە پێویستە منالان لەهەرچی پێداویستی ژیانی ئەم سەردەمەیە بەهرەمەند بکات ،بەلام لە هەمانکاتدا وەزیفەی حکومەتە کەسەرجەم کۆمەلگا ڕۆشنبیربکات بە مافەکانی منالان. ئەمرۆ داهاتێك لە عێراق وکوردستاندا هەیە بە درێژایی مێژووی عێراق داهاتی لەو شێوەیەی بە خۆیەوە نەبینیوە ، بۆیە پێویستە برێکی زۆر باش لەخزمەتی منالاندابێت .کە چارەسەری زۆربەی کێشەکانی منالانی پێدەکرێ‌چیتر ڕێگە نەدرێ منالان بەوشێوەیەی ئێستا هەیە ژیان بگوزەرێنن ،ئەرکی ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشە بە گشتی و ڕێکخراوە منالیەکان بە تایبەتی کە بێدەنگ نەبن وکار بۆ ئەوە بکەن کەچی تر مافەکانی منالان پێشێل نەکرێ،لە ژیانێکی شایستەی منالی خۆیان بەهرەمەندبن.

**پ/ئۆکتۆبەر :چالاکی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی نالانی کوردستان لە ڕۆژی ٦/١ی ئەمسالدا چی دەبێت؟** هەلبەتە ئێمە هەمیشە گەورەترین کێشەمان کێشەی مالیەیە ،کەڕێگرە لە بەردەم زۆربەی کارو چالاکی وهەلسوورانمان لە بواری منالاندا ،بەلام بەو ئیمکاناتە کەمەوە کە سەنتەر هەیەتی سالانە چالاکی جۆراوجۆرمان هەبووە ودەمانبێت ،لەم سالدا جگە لە شارەکانی وەك کەرکوك و بغداد لە هەمانکاتدا لە سلێمانیش چالاکیمان دەبێت ،هەتا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە سلێمانی یەوە هەبێت دەتوانم باسی لێوە بکەم ئەویش (لافیتەمان دەبێت بە ڕێژەیەکی زۆر +بەیاننامە +پۆستەر +ئێوارە ڕێزگرتنێك بۆ منالان کە شیرینی دابەش دەکەین بەسەر منالاندا و دیارییان دەدەینێ+ هەروەها بۆخۆشی منالەکان چەندین میزەلانی هەوایی بەرەلادەکرێ‌بۆ ئاسمان کە ئەم جۆرە چالاکییە بۆ یەکەم جارە بکرێت + پەیامی سەنتەرمان دەبێت .) هەروەها لە بەرنامەماندایە کە کۆڕو سیمناربگێڕین لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان

## مامۆستا هونەر عەلی

## کەریم

**ئۆکتۆبەر / گرفتەسەرەکییەکانی مندالانی کوردستان چی یە؟**

مامۆستا هونەر / لەو بڕوایەدام یەکەم گرفت کەمندالانی کوردستان گیرۆدەین، ئەوەیە کە مندالْ کراوەتە مولکی خێزان و لێرەشەوە ئەرکی پەروەردەو بەخێوکردنی خراوەتە سەرشانی دایك و باوك و بەدیاریکراویش لەئەستۆی دایکە، بەپاساوی ئەوەی باوك نان پەیدا دەکات و زۆربەی کات لەدەرەوەیە، یان تەنانەت ئەگەر ژن و مێرد هەردووکیان بچنە دەرەوەوکار بکەن ئەمە نەیکردۆتە ئەوەی بەیەکسانی مندالەکانیان بەخێوبکەن. کەواتە دایك وەك ژنێك کە جێگاو ڕێگای نزمترە لە چاو پیاو زۆرترین خەمی پەروەردەکردنی مندالی کەوتۆتەسەرشان، لێرەوە دەگەینە ئەو سەرەنجامەی ئەگەر دایك کۆیلەو دەرەجە دوو بوو لەناو کۆمەلْداو پشکی گەورەشی لە بەخێوکردنی مندالی پێ براو دەولەتیش لە بە رامبەر ئەو ئەرکە گەورەیەدا خۆی بدزێتەوەو مەسئولیەت نیشان نەدات، ئیتر خۆتان حوکم بدەن دەبێت نەوەی دوارۆژچی لێدەربچێت؟! چونکە پەروەدەی دەستی کۆیلە لەباشترین حالەتدا لەژێر کاریگەری فەرهەنگی ئەودا ئەبێت، کەخۆی لەبچوك بینین‌و خۆبەکەمزانین‌و بێئیرادەیی ئەبینێتەوە، ئەمەش ئۆتۆماتیکی لەدایکەوە بۆ منالْ ئەگوێزرێتەوە. دیارە هەموو دایکان یان هەموو باوکانم مەبەست نیەو هەرلەم کۆمەلگایەشدا ئەوەندە نمونەی جوانمان هەیە کە ئەکرێت ئەزمونەکانی منالْ بەخێوکردنیان بکرێتە نوسین‌و لەئاستی کۆمەلگادا سوودی لێوەربگیرێت.

بە بڕوای من ناسۆرییەکانی مندالانی کوردستان لەم خالەوە دەست پێ دەکات، هەموو مندالێك دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی خێزانەکەیەوە، ڕوونتر بلێم باری ئابووری خێزان و جۆری بیرکردنەوەیان و ئارامی یان نا ئارامی ئەو خێزانە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر مندالەکەو تەنانەت کاریگەری لەسەر پاشەڕۆژیشی دادەنێت. نموونەیەکی سادەکاتێك مندالێك ناچاردەکرێت واز لە قووتابخانە بهێنێت بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی ئابووری خێزان دەخرێتە بازاڕەوە، مانای وایە دەسەلات کەمتەرخەم و خەمساردە، دەنا دایك و باوك هیچ کاتێك پێیان خۆش نییە مندالەکانیان ڕەوانەی بازاڕی کارێك بکەن کە خۆیانی هاڕیوە ودەستکەوتێکی ئەوتۆیان تیا بەدەست نەهێناوە.

خالێکی تر زەرورە ئاماژەی پێ بکریت ئەوەیە کەگەورەکان وکۆمەلگا بەئەندازەیەکی زۆردلڕەقن بەرامبەر مندالْ بە کائینێکی بچووك و خاوەن ماف سەرنجی نادەنێ، ئەمەش خۆڕسك نیەو هەروا لەخۆڕا نەبووەتە فەرهەنگی بەشێکی زۆر لەخەلك، ئاخر خودی حکومەت ئەگەر بەپاساکانی، بە خزمەتگوزاریەکەی، بەپۆلیس‌و سوپاکەی، بەبردنی داهاتی کۆمەلگا بۆخۆی‌و هێشتنەوەی خەلك لە هەژاریدا، دلڕەقانە جولابێتەوە، ئەوا خەلکیش ئەبنە هەلگری ئەو ئەو عەقلیەتە نەخۆشەو بەهەمان ڕەفتار مامەلەی ئینسانەکانی ژێردەستی خۆیان ئەکەن، کە ژنان‌و منالان قوربانی یەکەمی ئەبن. تەنانەت ئەم بەلایەبەشێوەیەکی سیستماتیك بۆ ناو خوێندنگاکان گوازراوەتەوە، تۆ بڕوانە خوێندنگاکان هەتا ئێستاش دەلێی سەربازگەیە، لێدان و ئیهانە کردن هەروا بەردەوامە و تا ئێستا بەربەستی ئەم دیاردەیە نەکراوە و کۆمەلگا تا هەنووکە بەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکارییە دەتوانم بلێم حەساس نەبۆتەوەو هێشتا لە ئاستی‌دا بێدەنگە بەبڕوای من چارەسەری کێشەو گرفتی منالْ بەپلەی یەکەم لەئەستۆی دەسەلاتدایەو پاشان کۆمەلگاو دواتریش ئەو یەکە ئابوریانەی کۆمەلگا کە بەخێزان ناونراوە. ئەمەش باسێکی درێژترەو ئەکرێت لەبۆنەیتردا کەسانی پسپۆڕو شارەزا زیاتر قسەیان لەسەر بکەن.

## ئەمەل جەلال بەرپرسی

## لانەی منالان

**ئۆکتۆبەر:** لەم ڕۆژانەدا بکوژی "لەرێ مەریوان" بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، تۆ پێت وایە لە سێدارەدانی تاوانباران ڕێگەچارەیە بۆ بەرگرتن بە توندوتیژی بەرامبەر بە منالان؟ یان دەبێ چ بکرێت؟

**ئەمەل جەلال:** سەرەتا لە یادی ڕۆژی جیهانی منالاندا پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم منالان ئەکەم لەهەرکوێیەك بن، ئومێد ئەکەم ئەم یادە بێتە یادێك کە دەسەلاتدارانی سیاسی لە ولاتدا سیاسەت و بەرنامەو ستراتیجی خۆیان سەرلەنوێ لە بەرژوەندی منالان و ژنان و گەنجان بەتایبەتی و تەواوی تاکەکانی ئەم ولاتە دابڕێژنەوە، چیتر" لەرێ" و هاوڕێکانی بەم شێوە دڕندانەیە کۆتایی بەژیانیان نەیەت.

سەبارەت بە پرسیارەکەتان لە بریاری لە سێدارەدانی بکوژی "لەرێ مەریوان" لەگەڵ ئەوەی کەمن بۆخۆم باوەرم بە" لە سێدارەدان" نییە، چونکە ئەمەش کاریکی ترە لەبەردەوام بوونی پرۆسەی توندوتیژی و بەهەمان شێوە ئەبێتەوە هۆی بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی. ئەبێت مرۆف هەمیشە لەپرۆسەی ڕاهێنانەوە چاککردنیدا کاربکات. نەك کوشتن بەکوشتن چارەسەر بکرێت.لای هەندێك کەس مەسەلەی لە سێدارەدان یەکێکە لە میکانیزمەکانی بەرگرتن لە توندتیژی و پێیان وایە کەبەم میکانیزمە دەتوانن ڕێ لەتوندوتیژی بگرن، بەلام بە پێچەوانەوە. ئەوەتا دەبینین ڕۆژانە چەندین مرۆف خۆی ئەتەقێنێتەوەو مرۆفی تریش بەدوایدا دوبارەی دەکاتەوەو ئەمانە هەمووی ئەکرێت هەلوێستەی لەسەر بکرێ، لەهۆکارەکانی بکۆلرێتەوەو چارسەری بنەڕەتی بۆ دەستنیشان بکرێت و کاری جدی لەسەر بکرێت لەگشت ڕوویەکەوە، لەهەمان کاتدا توندوتیژی بەرامبەر منالان تائێستاش لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەش لە ئاستێکی زۆر بەرزدایەو کاری جدی بۆ نەکراوە. چونکە گەر بمانەویت ڕێ لە توندوتیژی بگرین. سەرەتا دەبێت ئەوە دەست نیشان بکەین وبزانین چەند جۆر توندوتیژیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. لە چ جێگاو شوێنێکدا ئەنجام دەدرێت، کێن ئەوانەی ئەنجامی ئەدەن هۆکارەکانی چین، بۆچی ئەنجامی داوە، دوای دەستنیشانکردنی ئەمانە دەبێت لێکۆلینەوەو توێژینەوەی ووردی لەسەر بکرێت، شیکردنەوەیان لەسەر بکرێت و لەدەرئەنجامەکانی بەرنامەو ستراتیج هەلبهێنجرێت، کە بنەبڕی توندوتیژیە کە ئەکات، نەك لەسەر ڕووداوەکان هەلوێست وەرگرین. چونکە کوشتنی لەرێ و هاوڕێکانی نەتیجەیەو ڕووداوێکە دێتە بەرچاوی کۆمەلْ و دوای ماوەیەك لە زاکیرەی کەسدا نامێنێت و کاریکی تر یاخود ڕووداوێکی تر یەخەمان دەگرێت، بۆیە تائەوکاتەی منالْ دەبێتە منالی دەولەت و بەیاسا کارەکان ڕێکدەخرێت وهەرسێ قوتابخانە سەرەکییەی مرۆف کە مالْ و قوتابخانەو کۆمەلْ پەیوەندییەکی تەندروست و پەروەردەیی و یاسایی ڕێکخراو هاتە کایەوە، دەتوانین گرەوی بنەبڕکردنی توندوتیژی بکەین، کۆمەلگایەکی ئارام ئاسودە بەرهەم بهێنێت، بۆیە لەوبۆنەیەدا داواکارم لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان" سیاسەتی پاراستنی منالان" پەیرەو بکەن. کاری جدی بۆ بکرێت و چیتر منالانی ولاتەکەمان نەبنە قوربانی مرۆفە نەخۆشەکانی ولاتەکەمان. چاودێری وودی ژیان و گوزەرانی منالان بکرێت بێ جیاوازی بەتایبەتی ئەو منالانەی کە بێ دایك و باوك و منالانی ئیشکەرو منالانی سەرجادەو منالانی ئاوارەو منالانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان، منالانی بەهەلەداچوو بەبێ جیاوازی ڕەگەزو ئایین و زمان و نەتەوەو ڕەنگ.

بەهیوای دوا ڕۆژێکی پرشنگدار بۆ منالانی کوردستان وعێراق بەتایبەتی و منالانی جیهان بەگشتی





منالێك لەسەرەی نانا (لەئازاد بەکرەوە)

ئەوەی لێرە بلاوئەبێتەوە مەرج نیە لەگەڵ خەتی سیاسی و تەوجیهی گشتی ئۆکتۆبەردا بێتەوە، خاوەنەکانیان لێی بەرپرسیارن

# کورد و کەر

## گۆران محەمەد

پێچەوانەی بۆچوونی باو، زۆربەی کورد بێبەزەیی، دلڕەق و تا ڕادەیەکیش سادیین، واتا خۆشیی لە ئازاری خەلك یان هەر گیانەوەرێکی دیکە دەبینن. بە بلوتووس کلیپێکم بۆ هاتووە تێیدا دوو گەنج، زەرقاوی ئاسا، جاشولکەی کەرێکیان بە سواری ماتۆڕێکەوە فڕاندووە، جاشولکەی کلۆلْ کەساس و واقوڕماو نازانێ بۆ کوێی دەبەن، دایکەکەشی ئارام لێبڕاو، هەناسەسوار و جەرگ ڕفێندراو بە غاردان شێتانە دوای ماتۆڕەکە کەوتووە کە جاشولکە ڕفێندراوەکەی پێیە و لە حەشمەتاندا پێی زەوی ناگرێ و چاوی لە سەر کۆرپە ڕفێندراوەکەیەتی. سەفا و کەیف وخۆشیی ئەم گەنجانە ئەوەیە دوای دایکەی شێت و هاربوو کەوتوون و وێنەی دەگرن و لە قوولایی دلەوە بەم دیمەنە دەخەنن. دلسووتانی دایکێك، با کەریش بێت، دەبێتە مایەی پێکەنین؟ چیرۆکی ئەو کەرە بە ناهەق کوژراوەشم لە یادە کە لە ناوچەی لای گەلی عەلی بەگ کۆمەلە گەنجێك هەر لۆ فشەی لە پردێکەوە فڕێی دەدەنە خوارەوە و کاتێ کەر هەپروون بە هەپروون دەبێت، ئەمان بە قاقای پێکەنینەوە وێنەی دەگرن. کەری جوامێری وا هەیە لەو سنوورانەی کوردستان، خێزانێکی بیست نەفەری دەژێنێت، ئەو کارەی ئەو کەرە دەیکات دلنیام، بە لایەك لە گەنجی زماندرێژ و بۆلەبۆلکار و تەمبەلْ و کارنەکەری کوردستان ناکرێت.

دەمارگیریی ناوێ، بە هێمنی بیری لێبکەنەوە، ئەگەر زۆربەی کورد هێندەی کەر، ئارام، لەسەرخۆ، بێمزەڕەت، زەحمەتکێش، گوێڕایەلْ، دلسۆز و بە هەموو شتێك ڕازی بوونایە، نە شەڕی ناوخۆ دەبوو، نە کۆمەلگە هێندە دڕندە دەبوو ژن ناچاری خۆ سووتاندن بکات، نە چاوچنۆکیی چەند کەسێك، هەزارانی برسی دەکرد و لە هەمووشی گرینگتر ولات هێندە ئاوەدان دەبوو لە بری ئەوەی ئێمە خەونی بەدوبەی بوونمان هەبا، شێخ محەممەد بن راشد ئال مەکتووم خەونی دەبینی دوبەی بکاتە هەولێر.

شەرمی بۆچییە، ماکەر، زۆر جار ئاگری ناوگەلی پیاوی کوردی دامرکاندووەتەوە. کەر، کە بە نانەڕەقە دەژی، زۆر جاران گۆشت دەرخواردی خاوەنەکەی دەدات، ئەگەر بڕیارە ئەو کەسەی بژێوی خێزان دابین دەکات، گەورەی مالْ بێت، ئەوە ژمارەی ئەو مالە کوردانەی لە سەر ماندووبوونی کەرێکی دلێر دەژین کەم نین. کەچی سەرەڕای ئەم هەموو دلسۆزییەی کەر، کورد جارێك وەك جنێو بە کاریدەهێنێت، تاوێکیش بۆ پێکەنین و سووکایەتیپێکردن و تەنانەت لە پرد فڕێدان و کۆرپە ڕفاندنیش.

من تەنێ باسی کەرم کرد، خۆ چیرۆکی حاجی لەقلەقەکەی دوای تەمەنێکی درێژ لە هەولێر تۆرا و بە دلشکاوی بێگەڕانەوە ڕۆیشت، جارێ ماوە. دەیان پشیلە و سەگ کە ڕۆژانە لە سەر شەقامەکانی کوردستان پان دەکرێنەوە خەریکە دەبێتە دیمەنێکی ئاسایی.

شوێنم نەما، بەم زووانە بێبەزەیی کورد بە دلڕەمیی بەنگەلادیشییەکانی کوردستان، بە نموونەی زیندووەوە بەراورد دەکەم.

# ئارام ڕەشید: ئیدانەی یاسا و دادگا ئەکەم کە بوار ئەدا، ئەو جاهیلانە تەقە لە دەرگای دادگاش هەڵبسێنن



ئۆکتۆبەر: بەپێی هەواڵێك کە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بڵاو کراوەتەوە، داواکاری گشتی لە دادگای هەولێر دەعوای لەسەر تۆ تەسجیل کردووە، لەژێر ناوی ئەوەی کە لە کتێبی جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخدا سوکایەتیت بە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام کردووە، پرسیار ئەوەیە بۆچی دوای سێیەم چاپی ئەم کتێبە ئەم داوایە تۆمار دەکرێت؟

**ئارام ڕەشید:** بە بڕوای من ئەم جۆرە مەسەلانە بە دوو شتەوە پەیوەستە، یەکەم: هەلومەرجەکە، دووەم: خودی بابەتەکە. بەڵام پێویستە سەرەتا ئەوە بەبیر بهێنمەوە، کە مەلا و پیاوانی ئایینی، وە لە پشتیانەوە ڕەوتە ئیسلامییەکان لە چەندین شوێنی دیکە نووسەرانیان داوەتە دادگا، هەر وەکوو تاها حوسێن و نەجیب مەحفوز و جەلال سادقولئەعزەم ... هەروەها سەبارەت بە خودی ئەم کتێبەش، ئەوە دووەم جارە کە پەنا دەبەنە بەر دەسەڵات و دەیانەوێت دەسەڵات و یاسا بەکار بهێنن لە دژی. یانزە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، کاتێک کە بەشێکی ئەم کتێبە بە نێوی "ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لە بەرامبەر مەسەلەی ژنان" لە ژمارە 20ی بڵاوکراوەی "یەکسانی" بڵاوکراوەی "ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان" لە ساڵی 1997 بڵاو بووەوە، مەلا و پیاوانی ئایینی هەرایان لێ هەستا و مەلا بەشیر بەئاشکرا و لە مینبەری مزگەوتەوە، هێرشی کردە سەر نووسەر و فتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانی دا و سەرەنجامیش ئەوەبوو هاوڕێیان شاپور و قابیلیان تیرۆر کرد. وە لە لایەکی ترەوە پەنایان بردە بەر دەوڵەت و سەرەنجام ئەوەبوو لە دوالاپەڕەی ژمارە 32ی بڵاوکراوەی "هەرێمی کوردستان"، لە بەرواری 30/ 10/ 1997دا بە نێوی ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی ژمارە 20ی بڵاوکراوەی یەکسانی و بە نێوی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە ئەڵێت: "ئەو جۆرە بۆچوونانە بەهیچ شێوەیەک ناگونجێن لەگەڵ دابونەریتی نیشتمانپەروەری و ڕۆژنامەگەری و پێچەوانەی یاسای ژمارە 10ی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستانی عێراقە". سەرەنجام فرانسۆ حەریری بە نووسراوەیەکی ڕەسمی، مۆڵەتی کارکردن لە "ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان" وەرئەگرێتەوە و بڵاوکراوەی "یەکسانی"یش دائەخەن!

دیارە لە هەر کاتێکدا مەلا و پیاوانی ئایینی و ڕەوتە ئیسلامییەکان دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسابێت ڕێگری بۆ ئەم جۆرە کتێب و نوسراوانە درووست ئەکەن. پاش یانزە ساڵ و پاش چاپی سێهەمی ئەم کتێبە ئەوا جارێکی تر هەرایان لی هەستاوەتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە بار و دۆخ و هەلومەرجێکی دیکەدا.

کوردستان لە دۆخێکی خراپدایە. خەڵکی کوردستان گرفتیان ئێجگار زۆرە. ناڕەزایەتی خەڵک لە دەسەڵات لە لوتکەدایە. مەودای نێوان خەڵک و دەسەڵات گەلێک فراوان بووەتەوە. چ دەسەڵات و چ ئەو هێزەی ئەمانی بە دەسەڵات گەیاند، یانی ئەمریکا، لە قەیرانێکی گەورەدان! بەرەی ئازادیخوازی و مۆدێرن و عەلمانی لە کوردستان ئەگەرچی بەهێزن، وەلێ پەرش و بڵاو و ناڕێکن. هەرچی ڕەوتە ئیسلامییەکانن لە چەندین ڕێکخراودا خۆیان سازداوە و کەڵک لەو هەلومەرجە و ئیلهام لە ڕەوتە ئیسلامییەکانی ناوچەکە وەرئەگرن.

لە لایەکی ترەوە و هەر ئێستا لە لایەن دەسەڵاتەوە هێرشێکی فراوان بۆسەر ئازادی و بۆسەر نووسەران دەستی پێ کردووە. لە کاتێکی وادا ئەم مەلا و ڕەوتە ئیسلامییانە کەڵک لەو بار و دۆخە وەرئەگرن بۆخۆیانی دەقۆزنەوە و وەک بیانووکی بەهێزیش لە هەمبەر دەسەڵاتدا بەکاری دەبەن. ئەوەتا لە یاداشتنامەکەیان کە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانیان کردووە ئەڵێن: "دەپرسین ئایا هیچ پارت و لایەنێک یان گەل و هۆزێک تەنانەت بنەماڵە و کەسێک قەبووڵ دەکا و بێدەنگ دەبێت، کە بەرامبەر بە کەسایەتی و ڕەمزەکانی بڵاو بێتەوە و بگوترێ، ژن و مێینە؟ یان زۆڵ و دزۆزن؟ یان داوێنپیس و بێئابڕوو؟ یان ناپاک و دز؟".

بە بڕوای من خاڵێکی دیکە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان، خودی کتێبەکە خۆیەتی. لە ڕاستیدا ئەتوانین بڵێین ئەم کتێبە لە پاش چاپی سێهەمی، بەتەواوی بڵاو بووەوە. ئەوە بە جیا لەوەی کە ئەم کتێبە، بە زبانێکی سادە و ڕەوان، دەست بۆ ڕیشەییترین مەسەلە لە ئایین بەگشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی ئەبات. وەڵامی ورد و زانستی بە گەلێک پرس ئەداتەوە. ئەم کتێبە هەر وەک دەرئەکەوێ، کاریگەری زۆری داناوە و پێشوازی زۆری لێ کراوە. بەبڕوای من ئەمەش خاڵێکی دیکەیە لە مەسەلەکەدا. دیارە ئەمانە لە ماوەی ئەم یانزە ساڵەدا جگە لە جوێن و هەڕەشە و ئیهانە، بەتەنها لاپەڕەیەکیش بێت، شتێکیان لەسەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبە نەنووسیوە.

ئەبێ ئەوەش بڵێم، کە دادگاییکردنی ئەم کتێبە و نووسەرەکەی، لە ڕاستیدا دادگاییکردنی ئازادی ڕادەربڕین و تەواوی نووسەرانی ئازادیخواز و مۆدێرن و ئاتەئیستە.

ئۆکتۆبەر: ئەگەر سەرنج بدەین ئەم ماوەیە هێرش بۆسەر نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، زۆر زیادی کردووە، تا ئەو ڕادەیەی جەلال تاڵەبانی بە وەڕینی سەگ بە مانگەشەو دەیشوبهێنی، تۆ توندبوونەوەی ئەم هێرشانە چۆن دەبینی؟

**ئارام ڕەشید:** هەروەکوو لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم کرد، کوردستان لە بار و دۆخێکی ناهەمواردایە و دەرگیری قەیرانێکی گەورە و هەمەگیرە. ئەم قەیرانە لە لایەکەوە پەرپووەتەوە نێو حیزب و دەسەڵات و ئەوانیشی خستووەتە نێو قەیرانێکی قووڵەوە، وە لە لایەکی ترەوە خەڵکی لە بەرامبەر دەسەڵاتدا ڕاگرتووە. کاتێکیش کە خەڵکی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا وەستایەوە، دەسەڵاتیش لەبەرامبەر خەڵکی دەوەستێتەوە. جا بە بڕوای من وەستانەوەی دەسەڵات لە بەرامبەر نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و تەنانەت وەستانەوەیان لەبەرامبەر ئەندامان و کادرانی خۆیان و توندکردنەوەی فەزای سەرکوت لەنێو حیزبەکانیاندا هەر بەرهەم و بەرەنجامی ئەوەیە. بێگومان ئەحزابی بۆرژوازی لە دەورانی ئەزمە و لە کاتێکدا کە لەوەڵامدانەوە بە گرفتەکان دەستەوەستان ئەمێننەوە، هەر ڕێگای سەرکوت و وەستانەوە لەبەرامبەر ئازادی ئەگرنە بەر.

ئۆکتۆبەر: لەبەرامبەر ئەو داوایەی لەسەر تۆ تۆمارکراوە، هەڵوێستت چییە؟ وە پێویستە چ بکرێت، بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەم هێرشانەی کە دەسەڵات دەستی پێ کردووە؟

**ئارام ڕەشید:** هەڕەشەکردن و فەتوای کوشتن و تیرۆری نووسەرانی ئاتەئیست لە کوردستاندا ئەگەرچی شتێکی نوێ نییە، بەڵام مەسەلەی بەکارهێنانی دادگا و دەعوانووسین لەسەریان شتێکی نوێیە. جا ئەم دەعوانووسینە ئەگەرچی بە من دەستی پێ کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا دەعوانووسینە لە دژی باقی نووسەرانی ئاتەئیستی تر و دەعوانووسینە لە دژی ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕ لە تەواوی کوردستاندا.

شتێک کە من کردوومە و بەو هۆیەوە دەرکی دادگایان لێ گرتووم، سادەترین مافی خۆمە! ئاخر ئەمە بڕوا و تێڕوانینی منە! ئەگەر وامان دانا تۆ لە دادگا سەرکەوتنت بەدەست هێنا، بەڵام ئایا هیچ لەلای من ئەگۆڕێ؟ ئایا باوەڕ هەر لە جێی خۆی جێگیر نییە؟ کاتێک گالیلۆ وتی زەوی خڕە و بە دەوری خۆردا ئەسوورێتەوە، پیاوانی ئایینی ڕێگای دادگایان گرتەبەر و ناچاریان کرد بڵێت: نەخێر زەوی ناجووڵێ و ناوەندی گەردوونیشە! ئەگەرچی ئەو ناچار بەوە کرا، بەڵام هەتا هەنووکەش زەوی هەر ناسووڕێتەوە؟!

لە ڕاستیدا من نەک هەر ئیدانەی ئەو هەوڵانە ئەکەم کە دەیانەوێ سادەترین ماف بەنێوی خودا و موقەداساتەوە لە ئێمە وەربگرنەوە، بەڵکە ئیدانەی یاسا و دادگایەکیش ئەکەم کە بوار ئەدا لەسەر ئەم سادەترین مافە، ئەو جاهیلانە تەقە لە دەرگای دادگاش هەڵبسێنن.

بەڕاستی ئەمە زەنگێکی خەتەرناکە! ئەمانە ئەیانەوێ لەو هەلومەرجەی کوردستان فرسەت وەربگرن. ئەیانەوێ لە لایەکەوە سەهمی زیاتریان لە بەند و بڕگەکانی دەستووری کوردستاندا هەبێت و لە لایەکی تریش و لەسەر ئەم بنەمایە، دادگا بۆ سەرکوتکردنی ئازادی و بۆ قازانجی خۆیان بەکار بەرن.

پێویستی سەرشانی گشت حیزب و ڕێخکراو و لایەن و کەسێکی ئازادیخوازە، لەبەرامبەر ئەم هەوڵە ڕەشە بوەستنەوە و لە ئاستی دنیاشدا هێزی بۆ کۆ بکەنەوە.

* * * * *

# کەلتوری جەماوەر یا کەلتوری دەسەڵات بەرپرسە لە کوشتنی ژنان

ئاسۆ کەمال



پرسیاری سەرەکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژن وپیاو لە کوردستان لەبەردەم دەسەڵاتدا ئەوەیە کە دوای 16 ساڵ لە کوشتنی 12 هەزار ژن ئەو ڕێگایانەی تا ئێستا گیراونەتە بەر بۆچی نەك نەیتوانیوە ئەم دیاردەیە نەهێڵێت بەڵکو کوشتنی ژنان بەپێ ی ئامارەکان زیاد دەکات؟

ئێستا کوشتنی ژنانی کورد لە کوردستانەوە گواستراوەتە بۆ ئەوروپاش. جیاوازی لەنێوان کوردستان و ئەوروپا لەوەدایە کەلێرە ئەمە کێشەی کومینتی ماینورەتیە (کەمایەتە) ولەکوردستان کێشەی ماجوریتی(زۆرایەتی) کۆمەڵگایە. کێشەکە لە ئەوروپا لە ئەنتگراسیۆن (تیکەڵ بون) دایە کە بەهۆی سیاسەتی نسبیەتی کلتوریەوە. تائێستا کوشتنی ژنانی پەنابەر لەو وولاتانەدا پاساو دراوە.بەڵام لە کوردستان کوشتنی ڕۆژانەی ژنان کە بەپێی ئامار هەفتەی 5ژنە تەنها سیاسەتێکی هەڵەی دەسەڵات نییە. ئەمە باسی سەرجەم سیستەمی زاڵی کۆمەڵایەتییە لەکوردستان. ئاماری کوشتنی 12 هەزار ژن دوای 16 ساڵ یان سوتانی 2222 لەم سێ ساڵەی دواییدا ،بەڵگەی ناکۆکی سیستەمی کۆمەڵایەتی پیاوسالارییە لەگەڵ ژیان وئەمنیەتی ژناندا. هەربۆیە پێش ئەوەی بزانین هەنگاوەکان چیی بوون پێویستە بزانین ئەو نیزامە کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان کاردەکات چییە کەوا درێژە بە کوشتنی ژنان دەدات؟ دەسەڵات وا کێشەکە پاساو دەدا کە سەرچاوەی ئەم توندوتیژیە کلتوری دواکەوتوانەی جەماوەرە و دەسەڵات هەوڵ دەدات چاکی بکا ،بەڵام ئەمە کاتی دەوێت و دیموکراسی بۆ کوردستان زۆری دەوێ! ڕاستیەك هەیە کە لەپێشدا دەبێت بیلێین ئەویش ئەوەیە کە کلتوری ژن کوژی لەم 16ساڵەدا لەکوردستان زاڵ بووە و پێشتر ئەمە کلتوری زاڵ نەبووە ،بۆیە دەبێت بزانین کە چی ئەم کلتورەی زاڵکردوە و درێژەی پێدەدا ،بۆچی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا ئەم کەلتورە هاتووە و چ پەیوەندیەك لەنێوان ئەم کەلتور و دەسەڵاتدا هەیە و دەسەڵات چی بەرامبەر دەکا؟

پێویستە ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان وەك سیستەمێکی یاسایی و قەزایی و تەنفیزی کاردەکات بناسین و بزانین ئەم سیستەمە چ پەیوەندیەکی لەگەڵ کلتوری ژن کوژیدا هەیە. کاتێك باس لە سیستەمی یاسایی دەکەین، سەیردەکەین کە 16 ساڵە کار بە یاسای باری کەسێتی حکومەتی بەعس دەکرێت و ئەم دەسەڵاتە ئەم یاسایانەی سەپاندوە. یاسایەك کە توندوتیژی و بێمافی بەرامبەر بەژنان پیادە دەکا و پارێزەری سیستەمی پیاوسالاری و ژن کوشتنە. دوای 9ساڵ لە فشاری بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان کە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە ڕیزی پێشەوەی بوو وە تاڵەبانی وەکو خۆی وتویەتی لەژێرکاریگەری وتاربێژی 8مارسی ئەم بزوتنەوەیەدا ئەویش ڕایگەیاند کە دەبێت کوشتنی ژنان قەدەغە بکرێت و یاسای غسل العاری بەعس لابرێ .پارتی دیموکراتی کوردستانیش دوای چەند ساڵێك هاتە پای پەسەندکردنی ئەم هەنگاوە.

ئێستا دوای چەند ساڵ کە ئەم بەندە لە یاسای باری کەسێتیدا کراوە و کوشتنی ژنان بەپێی یاسا کراوەتە تاوان بەڵام بۆ ئەم یاسایە ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە لەبەرئەوەی هەموو بەندەکانی تری ئەو یاسایە لە زەواج ،تەڵاق ،سەرپەرشتی ،سەفەر و پەیوەندی خۆشەویستی و سێکس و هتد.. لەدژی ماف ویەکسانی ژنانە و پیادەکردنی ئەم یاسایانە سەرچاوەی توندوتیژی بەردەوامە بەرامبەر بە ژنانە و هیچ پشتیوانیەکی یاسایی نییە بۆ ئەوەی ژنان بتوانێت مافەکانی بپارێزێ لەو دەستدرێژیانەی کە ئەم یاسا ئیسلامیانەی کردۆتە داب ونەریت و ڕێسا و یاسای ناوخەڵك بەپێی ئیسلام و شەریعەت و مەلای مزگەوت و پیاوسالاری کاردەکا. بەم پێیە ژنان لە کوردستاندا لەبەردەم سیستەمێکی یاسایی دژی ژن و توندوتیژ دانراون کە پیادەکردنی لەکۆتاییدا دەگاتە کوشتن و سوتاندن و لێدان و هەڕەشەیەکی بەردەوام.

لەکاتێکدا کچانی لاو لە کوردستان لەگەڵ دنیای مۆدێرندا بەهۆی تەکنولوژیا(موبایل ، ئەنتەرنێت،سەتەلایت ...هتد) ئاشنایە و نایەوێت لە قاڵبی سیستەمی پیاوسالاری باوك و برا و مێردا بمێنێتەوە ،دڵداری دەکا سێکس دەکا،دەچێتەدەرەوەو لەژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیەوێت بەشداری بکا. لەکاتێکدا یاسا هیچ کام لەم مافانەی دەستەبەرنەکردوە و بەرەسمی نەناسیووە، لێرەدا هەموو یاسا و شەریعەت ومەلا و دابونەریت و کلتوری پیاوسالاری ڕێگریەتی و هەربۆیە ڕێگاکەی ئەوەیە لەم یاسا و دەسەلاتانە یاخی دەبێت و سزای کوشتن بەپێی ئەمانە دەدرێت.بەم پێیە کە ئەم یاسایانە سیستەمی پیاوسالاری دەپارێزن و ئەو کەلتورە پێك دەهێنن کە دەسەلات بەناوی کەلتوری جەماوەرەوە پێمان دەفرۆشێتەوە و لەڕاستیدا ئەمە کەلتورێکە کە دەسەلات دەیپارێزێت بەپێی یاسا و بۆیە دەکرێت بلێین کەلتوری کوشتنی ژنان کەلتوری دەسەڵاتە کە لەکۆمەڵگادا ڕەسمیەتی پێدەدرێت و پیادەدەکرێ. ئیتر یاسای دانانی کوشتنی ژنان بەتاوانی گەورە لەم چوارچێوە یاساییەدا 8ساڵە ناتوانێت کاربکات بۆ نەهێشتنی ئەم تاوان و توندوتیژیە.هەربۆیە سەرەڕای یاسای تاوانی کوشتنی ژنان پێویستە ئەو یاسا وسیستەمە یاساییەی باری کەسێتی کە دەبێتە سەرچاوەی پاراستنی ژنان لەدەستدریژی بۆسەر مافەکانیان پێویستە دابنرێت و کارپێبکرێت. پێویستە ئەو مافانەی ژنانی لەسەر دەکوژرێت یاسایی بکرێتەوە و پەیرەو بکرێت. سەیرکەن لەبەریتانیا سیستەمی یاسای کچان وژنان دەپارێزێت ولەژێر ناوی فەحسی پەردەی کچێنی و زەواج و سێکسی دەرەوەی شەرع و سەفەر وچونەدەرەوەی بێ ئیزنی مێرد وباوك ڕوبەڕوی سزا و کوشتن نابێتەوە. هەربۆیە هەر گۆڕانێك لەیاساکاندا دەبێت ڕیشەیی بێت و وەڵامی خواست ومافی وئازادیەکانی فەردی ژنان بداتەوە و ئەمە پشتیوانەی قانونی بێت دژی دابونەریت وکەلتوری عەشیرەتی و پیاوسالاری.

لەبواری جێبەجێکردنی یاسا و دەزگا قەزاییشدا هەرچەند بە ڕوکەش دادگا هەیە بەڵام ئەمانە جگەلەوەی هەمان یاسای دژی ژنی باری کەسێتی ئێستا پەیڕەو دەکەن هەروەها ئەم دادگایانە لەدەسەڵاتی حزبەکان سەربەخۆییان نییە و پارێزراویش نین و هەربۆیە بەپێی ئامارەکانی 16 ساڵی ڕابردوو لە 12 هەزار کەیسی تاوانی کوشتنی ژنان دادگا ژمارەی تاوانباران لەپەنجەکانی دەست تێپەرناکەن وئەو یاسایەی کوشتنی ژنان بەتاوان دادەنێت چاویان بەم دادگایانە ناکەوێ. بەشێکی زۆری هۆی ئەم ناکارابیەی دادگا بوونی دەزگایەکی قەزایی ترە لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی حیزبە چەکدارە ناسیونالیستەکانی کوردستان، ئەویش مەکتەبی کۆمەڵایەتییە.ئەم مەکتەبانە باڵادەستن لەژیانی کۆمەڵایەتیدا و نەك بەپێی یاسا بەڵکو بەپێی صولحی عەشایری و یاسا وبەرژەوەندی حیزبیان خەریکی ئازادکردنی تاوانباران و گۆڕینەوەی خوێنی ژنان بە پارە و ژن ومولکن. لێرەدا کە ئەم سیستەمی قەزایی حزبیە باڵادەستە ئیتر پۆلیس و دەزگای تەنفیزی حکومەت کە بەپێی یاسا کاربکات بۆ دۆزینەوەی تاوانباران وتەسلیمکردنیان بەدادگا و دەورگێرانی داواکاری گشتی هەمووی دەبێتە شتێکی لاوەکی وپەراوێز لەچاو دەوری سەرۆك عەشیرەت و مەسئولی حزب و باوك و برا و خزم و مەلا و هتد..واتە ئەو دەسەڵاتانەی کە ژیانی ژنانیان پێسپێردراوە و بریار بەدەستی ئەسڵی وبەرەسمی ناسراون لە سیستەمی پیاوسالاری وعەشیرەتیدا. ئەمە ناکۆکیەکی قەزاییە کە هەرچەند بتەوێت یاسای باشت هەبێت وەك مەرەکەبی سەرکاغەز دەور دەگێرێت و بەبێ هەڵوەشاندنەوەی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزبەکان و جیاکردنەوەی دادگا وسیستەمی قەزایی لە حکومەت ودەزگای تەنفیزی و دەسەڵاتی حیزبەکان وە بەبێ دروستکردنی دادگای تایبەت بە کوشتنی ژنان و بونی عونصری ژن لەنێو قازی ودادگادا ناتوانرێت چاوەڕوانیەکی زۆر هەبێت لەوەی بکوژی ژنان و تاوانباران بەرامبەر بەژنان بەپێی یاسا سزا بدرێن و هەروەك لە 16 ساڵی ڕابردوودا بینیومانە کە سیستەمی قەزایی ودادگا نەیتوانیوە جێگای ئومێدی ژنان بن. بەپێچەوانەوە سیستەمی قەزایی دەسەڵات کە مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکان و دیوانی عەشیرەتەکانە سەرچاوەیەکی ئازادکردنی هەزاران بکوژی ژنان بوون و پەیوەندی نێوان کەلتوری ژنکوژی و دەسەڵات لەم دیوەخان و مەکتەبە کۆمەڵایەتیانەدا ڕۆژانە پتەوکراوەتەوە.

ئەم دیاردە گەورەیە کە قوربانیانی شەڕێکی نهێنی ڕۆژانەیە دژ بەژنان لەکۆمەڵگادا بەردەوامە لەلایەن دەسەڵاتەوە نەخشەیەکی ستراتیژی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی نییە، هەروەك ئەوەی ژنان هاوڵاتیەکی سایەی ئەم دەسەڵاتە نەبن.تەنانەت وەك پەتای کۆلیرا یان لافاوێك حسابی بۆ نەکراوە و بەشێك لەو ملیاردەها دۆلارەی بودجە نەخراوەتە خزمەت نەهێشتنی ئەم کەلتوری ژن کوژی و فریاکەوتن و قەرەبوکردنەوەی قوربانیانی. هیچ باسێك لە بودجەیەك بۆ سیستەمی یارمەتیدانی قانونی و گرتنی محامی و پرۆسەی دادگا نییە. بودجە بۆ کەمپەینی دژی توندوتیژی نییە.

لەئاستی تەنفیزیدا باسێك نییە لە دانانی تیمی پۆلیس و فریاکەوتنی تایبەت و شیلتەری پێویست وستاندارد نییە و چاکسازی لەو شیلتەرانەی ئێستا گرتوخانەیەکی محترەمانەن کە ژنان توشی کەئابە و بێزاری زیاتر دەکەن.

لە جیاتی گۆڕینی سیستەمی خوێندن و پەروەردەیەکدا کە بەشێکی پێکهێنەری ئەو کەلتورە نایەکسان وپیاوسالاری وئیسلامیەیە ، باس لە چاککردنی مەلا و فەتواکانیان دەکرێت وەك ئەوەی خودی ئەو ووتاری هەینیانەی ئەم مەلا و ئیسلامیانە نەبێت کە جەوی کۆمەڵایەتی لەدژی ژنان ڕۆژانە هەڵدەخرێنێ و دەوردانەوە بەمەلاکان بۆ ئاگادارکردنەوەی ژنان و ڕەسمیەت پێدانەوەی کەلتوری دژی ژنی ئیسلامییە و دژایەتی ڕەوەندی عەلمانیەتی بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژنانە کە داوای لابردنی شەریعەت لە یاسای باری کەسێتی و لەدەستور و جیاکردنەوەی دین لەدەسەڵات دەکات. بێگومان میدیای دەسەڵاتیش ڕۆژانە ئەم سیستەمە یاسایی وقەزایی و کەلتورییە بەرهەم دێنێتەوە,

ئەمانە ئەو کارە سەرەکی و مەیدانانەن کە بزوتنەوەی یەکسانی خوازی ژن وپیاو بەبێ دەست بردن بۆی و پێکەوە کارپێکردنی ناتوانێت وەزعی ژنان گۆڕانی جدی بەسەر دیاردەی کوشتنی ژناندا بهێنێت. ئەمانە هەروەك سەپاندنی قانونی دژی کوشتنی ژنان مومکینە بەڵام پێویستی بە فشاری جدی هەیە و تەنها لەژێر فشاردا دەسەڵات ڕێگەی پێدەدا چونکە لە بناغەدا دژایەتی جدی و بنەرەتی لەژیانی کۆمەڵایەتی وسیستەمی قەزایی و تەنفیزی و یاسایی ئیدارەی کوردستاندا هەیە و وەزعیەتی شێواوی کۆمەڵایەتی کوردستان ودەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیونالیستەکان بەبێ ئەم فشار و نارەزایەتیانە ناتوانێت ئەم پەڵەی شەرمی کلتوری ژن کوژیەی دەسەڵات لەسەر جەماوەری کوردستان و کۆمینتی کوردیە لەدەرەوە لابەرێت.

بێگومان گواستنەوەی ئەم دیاردەیە بۆ دەرەوە ڕەنگدانەوەی ئەو جەوە پیاوسالاریەی کوردستانە کەوەك پشتیوانییەك دەبێتە هاندەری زیندوبونەوە و کارابونی ئەو پیاوسالاریە لەدەرەوەش. نمونەی قسەی ژنێکی کورد لە سوید لەکاتی کوشتنی دوعادا دەمەوێت بکەمە کۆتایی ئەم باسەم کە وتی ئەگەر پیاوێکی کورد لە سوید هاوسەرێکی کوردی هەبێت بەو شێوە توندوتیژە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات کە سیستەمی پیاوسالاری لە کوردستان ڕێگەی پێدراوە بەڵام هەمان پیاوی کورد ئەگەر لەگەڵ ژنێك هاوسەر یا هاورێیەکی سویدی بێت بەپێچەوانەوە وەك سیستەمی سویدی کە ڕێز بۆ مافی ژنان دادەنێت ناچارە مامەڵەی بکات . هەربۆیە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان پێویستە سیستەمی کۆمەڵایەتی پیاوسالاری نەهێڵین.ئەمە دەرگای کردنەوەی ژیانێکی مەدەنی و ئاسودەیە بۆ ژنان و سەرجەم کۆمەڵگای کوردستان.

2008/03/04

# کێشەی کەرکوك لە سەرابی ماددەی ١٤٠دا !



سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

چارەسەری کێشەی کەرکوك لە ڕوانگەی یەکێتی‌و پارتی‌و تا ئێستا دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی گشت بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردەوە، لە ماددەی ١٤٠دا دیاریکراوە. جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە وەکو چاوەڕوانی گۆدو وایە یان وەکو چاوەڕوانی هاتنی ئیمامی مەهدی خوارفەیە، وەکو زیندوبونەوەی مەسیح وەهمە. ئەمە لەلایەن منەوە پێش ٢ سال وتراوە، ئەوکات باسەکانی ئێمە لەلایەن سەرانی ناسیونالیزمی کوردەوە جێگای پێکەنین‌و تان‌و تەشەر بوون. ئێستا قسەیەکیان نیە و ناتوانن هیچ پەیمانێك بە خەڵکی کوردستان بدەن‌و هیچ مانگ‌و ڕۆژو ساڵێك دیاریبکەن کە واقعی بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە. دیارە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ناتوانێت چارەسەر بێت بۆ کێشەی ئەم شارە، بەڵام یەکێتی‌و پارتی پەیمانێکیان داوە بەخەڵکی کوردستان، کە کەرکوك ویلاشی مانەوەی کوردستانە بە عێراقەوە. بەبڕوای من ئەم ویلاشە لە ماددەی ١٤٠دا پچراوە. ماددەی ١٤٠ بە بن بەستی کۆتایی خۆی گەیشتووە.

## کێشەی کەرکوك لە مرۆدا !

نزیك بە ٥ساڵە ماددەی ٥٨و دواتر ١٤٠ وەك چارەسەرێك بۆ کێشەی کەرکوك لەلایەن یەکێتی‌و پارتییەوە پێشکەشکراوە. ٣ ساڵیشە ئەم ماددەیە، ماددەیەکی "دەستوریە"و لە دەستوری عێراقدا نوسراوە. کاتی نوسینی ئەم ماددەیە و ڕازی بوون لەسەری لەلایەن دەسەلاتدارانی بەغداوە یان بەدیاریکراوی لەلایەن مەجلسی ئەعلای شۆڕشی ئیسلامی‌و حزبی دەعوەو هەروەها بە پشتیوانی ئەمەریکا، لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ هێزو هاوسەنگی ئەوکاتە لەنێوان یەکێتی‌و پارتی لەلایەك وە ئیسلامی سیاسی شیعی لە لایەکی دیکەوە لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسی جیهانی‌و ناوچەیی دیاریکراودا کە ئەمەریکا تیایدا قەراری گرتبوو وەك هێزێکی داگیرکار کە حسابی بۆ هیچ لایەنێکی ناوچەیی‌و جیهانی نەدەکرد. لەو هەلومەرجەدا ئەمەریکا لە عێراقدا هێشتا بۆنی سەرکەوتنی خۆی دەکرد لە جەنگدا، هێشتا وولاتانی جیهان‌و وناوچەکە لەبەرانبەر ئەمەریکادا بێ نوزە بوون یان نوزەیان بەحاڵ دەهاتە دەرەوە. ئیسلامی سیاسی شیعی لە نێو خۆیدا هێشتا شارەزاو خاراو نەبوون لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت‌و حوکمرانی‌و هەروەها وەکو یەکێتی‌و پارتی ڕیکخراو کۆکراوە نەبوون. ڕەوتی چەقۆ کێشی صەدر هێشتا مەیداندار نەبوو وە هێزێکی گەورە نەبوو. ناسیونالیزمی عەرەب هێشتا لە دوای ڕوخانی بەعسەوە پشتی ڕاست نەکردبووەوەو ڕیزەکانی خۆی لە "مقاوەمە"دا ڕێك نەخستبوو. هێشتا "مقاوەمە" بەگشتی وەکو هێزێکی گەورەو زەربەوەشێن لە ئەمەریکاو دەسەلاتەکەی بندەستی دەرنەکەوتبوون. ئەوکات ولاتانی جیهانی عەرەب‌و بەدیاریکراوی سعودیەو مصرو ئەردەن‌و ولاتانی دیکەی کەنداو بەتەواوی مل کەچ بوون لەترسی ڕەشەبای ئەمەریکاو جەبروتی هێزەکەی، نەك توانای دەخالەتیان نەبوو بەڵکو نوزەیان لێوە نەدەهات. تورکیا لە بێدەنگی خۆیدا دەژییا بەرانبەر بە هەلومەرجی عێراق. ئەمەریکا لەوپەری پۆزلێدانی خۆیدا بوو. ئەو ڕیکەوتنە لە هەلومەرجێکی ئاوەهادا مەیسەر بوو بە پێی هێزو هاوسەنگی ئەوکات کە یەکێتی‌و پارتی لە ئەوراقی سیاسی زۆرتر بەهرەمەندبوون‌و ڕیکخراوترو بە ئیمکانات تربوون لە هەموو هێزەکانی دیکەی نێو بازنەی دەسەڵاتی ئەوکات.

ئەمڕۆ پاش ٥ ساڵ هەلومەرجی سیاسی بەتەواوی گۆڕاوە. لە ئاستی جیهانیدا ئەمەریکا دەرگیرە لەگەڵ شکستی ئیستراتیژی خۆیدا. توانای بەردەوام بوون‌و مانەوەی لە عێراق تا ڕادەیەکی زۆر هاتۆتە خوارەوە. وڵاتانی زلهێزی دیکەی وەکو چین‌و روسیاو بە دەرەجەیەك کەمتر یەکێتی ئەوروپا، ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئەمەریکا دەرگیرن‌و دەیانەوێت لەسەر جەستەی گەورەی جیهانی ئەمەریکا ناوچەی نفوزو دەسەڵاتی خۆیان لە ئاستی جیهانیدا فراوان بکەنەوە، ئەمە بەجیا لە نارەزایەتی فراوانی خەڵکی ئەمەریکا بە مانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا. ئەم فاکتەرە جیهانییە توانای کاریگەری ئەمەریکای کەمکردۆتەوە لە بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانی لەعێراقداو هەم ناچاری کردوە کە مل بدات بە بەشێکی زۆر لە خواست‌و دواکانی ناسیونالیزمی عەرەب لە ئاستی ناوچەیی‌و لە عێراقداو بەتایبەت بەرانبەر بە جمهوری ئیسلامی ئێران‌و بۆ جلەوگرتن‌و ئابلوقەدانی ئەم جمهورییە لفاو بەربوە. لە ئاستی ناوچەیشدا جمهوری ئیسلامی ئێران لە بەرانبەر ئەمەریکادا بە تەواوی ملهوری دەکات‌و دەیەوێت وەك پۆلیسی ناوچەکە دەور بگێڕێت‌و عێراقی تارادەیەکی زۆر کۆنتڕۆل کردوە لەباری سیاسییەوە.

تورکیا دوای شکستی ئەمەریکاو بەپێی ڕەزامەندی ئەو وەك هێزێکی دەخالەتگەری گەورە لە عێراق‌و ناوچەکەدا دەیەوێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت بەتایبەت لە بەرانبەر ئێراندا دەیەوێت وەك مونافس‌و ڕامالینی نفوزی ئەو خۆی جێبخات. دەخالەت‌و هێرشەکانی تورکیا بۆسەر کوردستان، کردنەوەی قونسولیەی خۆی لە شاری بەصرە، دەخالەتی گەورەی لە نزیککردنەوەی سوریاو ئیسرائیل‌و دەرکەوتنی وەك ناوبژیوانی سەرەکی لە نێوانیاندا، کۆکردنەوەی لایەنەکانی "سوننە" وبەستنی کۆنفرانسی جۆراوجۆر بۆیان لە تورکیا. ئەم سیاسەتانەی تورکیا لە پێناوی ئەوەدایە کە نفوزو دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا وەکو هێزی یەکەم بسەپێنێت‌و جێگا بە جمهوری ئیسلامی ئێران چۆل بکات یان لایەنی کەم لاوازی بکات. دیارە ڕۆڵی تورکیا لەسەر کێشەی کەرکوك ڕۆلێکی گەورەیە، نەك تەنها بەهۆی بونی بەرەی تورکمانی‌و بونی کێشەیەك بەناوی" تورکمان"وە، بەلکو لە بناغەوە بەهۆی توانای دەخاڵەتی ئەو لە عێراق‌و کوردستاندا.

فاکتەرێکی دیکە فەشەلی پرۆسەی سیاسییە لە عیراقدا. فەشەلێك کە هیچ ئومێدێك نییە بۆ چارەسەرکردنی لە ڕوانگەی ئەمەریکاو هێزە بەشداربوەکانی نێو دەسەڵاتی بەغدا. فەشەلێك کە قابیلی ریفۆرمکردن نیە. پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا لە ستراکچەردا دەرگیرە لەگەل ئەزمەو فەشەلدا. کە لەگەڵ خۆیدا زالبونی میلیشیاو دەوڵەتی بێ بناغەو یەکلانەبوەوە جێگای گرتۆتەوە. پاش ٥ ساڵ ئیسلامی سیاسی شیعی خاراوترو بەهیزتربووە کە توانای مانۆر لێدانی گەورەیان هەیە لە بەرانبەر یەکێتی‌و پارتی دا لە چاو کاتی ڕیکەوتن لەسەر ماددەی ٥٨. ڕەوتی صەدر وەك ڕەوتێکی ئیسلامی فاشستی لغاو بەربوو تواناو نفوزی خۆی لە نێو حکومەت‌و پەرلەماندا بەهێزکردوە و عەصابەکانی مەهدیش عەصابەی قەتلی تائیفین لەسەر شوناسی هەویەی مەزهەبی.

وولاتانی عەرەبی بەتایبەت مصرو سعودیەو ئەردەن‌و ئیمارات‌و بەحرێن و بەگشتی کۆمکاری وولاتانی عەرەبی لەماوەی ٢ سالی ڕابوردووەوە لە گەل بلاوبونەوەی ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتۆندا دەخالەتی ڕاستەوخۆیان هەیە لە عیراقدا، کە بەگشتی گوڕو تینێکی دیکەی داوە بە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب بە بەعس‌و هیزەکانی دیکەیەوە. ئەمرۆ ناسیونالیزمی عەرەب لە نێو بەرەی تەوافقەوە بگرە تا حزبی ئیسلامی عێراق‌و تا جەماعەتی عەلاوی‌و تا باڵە جۆراوجۆرەکانی "مقاوەمە" وەتا صحوەکان کە ژمارەی چەکدارەکانیان هێجگار فراوان بۆتەوە، خۆی دەبینێتەوەو ئێستا بەهرەمەندە لە تواناو نفوزێکی فراوان.

بەجیا لە هەموو ئەمانە سیاسەت‌و کرداری یەکێتی‌و پارتی لە نیو شاری کەرکوك‌و لە بەرانبەر گشت دانیشتوانی ئەمشارەدا و بەتایبەت تورکمان‌و عەرەب زمانەکاندا سیاسەتێك بوە لەڕوانگەی نەتەوەپەرستی کوێرانەو تەنانەت وەك تاکتیکیش ناسیونالیزمی کورد عەقلی بەڕێوەبردنی ئەمشارەی نەبوە کە دەتوانین بڵێین ئەمشارە بە دەست ئەوانەوە بوە لە ماوەی ٥ ساڵی ڕابوردوودا. لە بەرانبەر خەڵکی کورد زمانی ئەمشارەدا کاری یەکێتی‌و پارتی تەنها ناردنەوەی ئاوارەکان بوە بۆ ئەمشارە بەلاّم بێ ئەوەی بە زەرەیەك لایەنی ئینسانی ژیان‌و گوزەرانی ئەم ژمارە زۆرە دابین بکەن... خانوە ڕوخاوەکان‌و یاریگاکان لە کەرکوکدا بونەتە شوێنی ژیانی ئاوارەکان. ئەوانەش کەبە "تجاوز" خانویەکیان کردوە یان هەیکەلێکی کۆنیان کریوەو دروستیان کردوە، بەهرەمەند نین لە هیچ خزمەتگوزارییەك. "تەعویزی ١٠ ملیۆنی" بۆتە جێگای فەسادێکی سەرسوڕهێنەر. لەبەرانبەر تورکمان زمان‌و عەرەب زمانەکانیشدا ڕاستەوخۆ سیاسەتێك براوەتە پێشەوە، لە "تکرید"و پێنەدانی پۆست‌و قوڵکردنەوەی کێشەی نەتەوەیی. ئێستا دوژمنانی یەکێتی‌و پارتی لەمشارەدا لە نێو تورکمان‌و عەرەب زمانەکاندا حالەتی باوو زالە. دیارە دەسەڵاتی یەکیتی‌و پارتی لە لەنێو سنوری دەسەلاتی خۆشیاندا لە شارەکانی هەولێرو دهۆك‌و سلێمانی بۆ خەڵك ڕۆشنە کە دەسەڵاتی گەندەڵی‌و بیکارەبایی‌و بێئاوی و کەمی موچەو پێنەدانی مافە سیاسی‌و مەدەنیەکان‌و زەوتکەری مافەکانی ژنانە....

بە پێی ئەم فاکتۆرە جیهانی‌و ناوچەیی‌و ناوخۆییانە، کە هەموویان بەدژی ئاراستەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ن. لەمرۆدا ماددەی ١٤٠ پێویستە لە لەسەر پایەی هەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆو جێگۆڕێکی هیزەکان‌و هێز هاوسەنگی تازە سەرنج بدەینەوە. ئەم کێشەیەو ماددەی ١٤٠ بە تایبەت کە لە ڕۆژ ڕۆشنتر دیارە کەلەماوەی یەك مانگی داهاتودا جیبەجێناکریت. ئەگەر بە بڕیارێك ئەمجارەش دوایبخەن ئەوەیان ئیتر مەهزەلەیە.

کۆی ئەم فاکتۆرانە کێشەی کەرکوك‌و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی بەرەو شکستێکی فراوان ڕوبەڕوکردۆتەوە. کێشەی کەرکوك ئەمڕۆ زیاتر کێشەیەکی جیهانی‌و ناوچەییەو دەخالەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان نیشانە ئەوەیە. لەهەمانکاتدا نیشانەی ئەوەیە کە نە ئیسلامی سیاسی شیعی " هاوپەیمانانی یەکێتی و پارتی" وە نە ناسیونالیزمی عەرەب چ بە ناونیشانی بزوتنەوەکی فراوانی ناوچەیی وە چ بەناونیشانی حکومەتە عەرەبیەکان‌و هیزەکانی ناسیونالیزمی عەرەب لە عێراقدا ئامادەنین ئەم ماددەیە جێبەجێبکەن. تورکیا فاکتەرێکی بەهێزە لە دژی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە. ئەمەریکاش پێم وابێت کۆسپی وای نەبوە وە نییەتی. جێگاو ڕێگای ناسیونالیزمی کورد بەگشتی‌و یەکێتی‌و پارتی لەم ماوەیەداو بەتایبەت دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردستان زۆر هاتۆتە خوارەوە لە نێو هاوکێشە سیاسیەکانی ئێستای عیراق‌و ناوچەکەدا بە بەراورد لەگەل سالانی ڕابوردودا. من پێم وایە ئەمڕۆ نە یەکێتی‌و نە پارتی‌و بەجیا لە جیاوازی تێڕوانینان بۆ ماددەی ١٤٠ کۆسپی گەورەیان نییە لەمانەوەی ئەم کێشەیەدا بە شێوەیەکی سەرگەردان‌و هەڵواسراو هەروەك چۆن ١٨ ساڵە کێشەیەکیان نییە سەبارەت بە سەرگەردانی تەواوی هەلومەرجی سیاسی‌و ژیان‌و گوزەرانی کوردستان‌و خەڵکەکەی.

## ئێویستی دروشمی ١٤٠ بۆ یەکێتیء ئارتی !

ئەمرۆ پاش ٥ساڵ ناسیونالیزمی کورد وەکو بزوتنەوەیەك دەیەوێت لە ئاستی کێشەی کەرکوکدا لایەنی کەم لە ئاستی گوتاری سیاسی‌داو لە قەڵەمی ڕۆشنفکرانییەوە دەیەوێت خۆی جیا بکاتەوە لە یەکێتی‌و پارتی. بەڵام هەر ئەوەندەو زیاتر نا، کە بەگشتی‌و لە دوالێکدانەوەدا ئەگەر لەم ئاستەدا بمێنێتەوە واتە لە ئاستی بۆڵەو ڕەخنە بەهەردوو ئاراستەی توند ڕەوی نەتەوە پەرستی کوێرانەو ئاستی "مۆدرێنیێت"ە کردنی ناسیونالیزم، ئەوا دیسان بەقازانجی هەردوو هیزی دەسەڵاتدار دەشکێتەوە. بە جیا لەوە من پێم وایە ناسیونالیزمی کورد، ناتوانێت چارەسەری کێشەی کەرکوك بکات. کێشەی کەرکوك لەلایەن ناسیونالیزمی عەرەب‌و کوردو ئیسلامی سیاسییەوە چارەسەر ناکرێت.

ناسیونالیزمی کورد وە یەکێتی‌و پارتی ئەمڕۆ لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا، پێویستییەکی سیاسی‌و مەعنەوی فەرهەنگی گەورەیان هەیە بە بە مەسەلەیەك کە چەندین ساڵە خەڵکی کوردستانیان گیرۆدە کردوە پێوەی. کەرکوك بۆ ئەوان یەك چاڵە نەوتەو هیچی دیکە، بۆ ئەوان بەشێکی زیاترە لە دەسەڵات لە مەرکەزدا نە "قودس‌و نەدڵ" وە نەخۆریش. بۆ ئەوان وەك هێزێکی نەتەوەیی ئەتنیکی خەڵکی کورد زمانی کوردستان و بەرژەوندی سیاسی ئەوان تا ئەو جێگایە مانای هەیە کە لە قازانجی پتەو کردنی دەسەلاتی سیاسی‌و ئابوری خۆیاندا بێت. ئەگەر نا هۆکاری زۆرو زەبەندە هەیە بۆ سەرکوتکردنی: لە تۆمەتی " خیانەت"، "تابوری پینجەم"، " دەستێك لە پشتەوە هەیە"، "زۆڵە کورد"، " دوژمنانی نیو خۆیی کورد" وە دواجار زیندانیکردن‌و تەقە کردن‌و پەلاماردان. ئەمڕۆ کێشەی کەرکوك بۆ ناسیونالێزمی کورد وە بەتایبەت بۆ یەکێتی‌و پارتی دروشمێکە بۆ: یەکەم: ڕاگرتنی هەستی نەتەوەیی‌و قوڵکردنەوەی کێبەرکێ‌و ململانێی نەتەوەپەرستی‌و بەکارهێنانی وەك ماددەیەکی روحی بۆ دەمەزرکردنەوەی نەتەوەپەرستی‌و وەك هێمایەکی قودرەت‌و بەهێز ڕاگرتنی "روحی" نەتەوە لە چاو نەتەوەکانی دیکەدا. دواجار کەرکوك دەبێتە مەنزلگەیەکی پیرۆز"مقدس". "قودس‌و دڵ‌و خۆر"هێما جیاوازەکانی ئەو مەنزلگەیەن کە لە ڕوانگەی ناسیونالیزمەوە پێویستە " کورد" بە سەرکردایەتی یەکێتی‌و پارتی پێیبگات‌و خەڵکی کوردستانیش ببنە قوربانی پتەوکردنی دەسەڵات‌و کەڵەکەی سەرمایەی ئەوان. دووەم: کێشەیەکە بۆ بەندو بەست لەگەڵ سەرجەم هێزو دەوڵەتە جیهانی‌و ناوچەیی‌و ناوخۆییەکاندا لەپێناو ڕاگرتن‌و پتەوکردنی دەسەلاتی ئێستایان (ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتی) واتە مسۆگەر کردنی بەشی ئێستایان‌و بە کارهێنانی ئەم کێشەیە وەکو قەڵغانێکی سەرسنوری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە لایەك‌و لە لایەکی دیگەوە بەرزکردنەوەی ئەم کێشەیەو ماددەی ١٤٠ بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی جۆراوجۆر لە پارەو پولەوە بگرە تا پێدانی پۆستی وزاری‌و تا هەوڵدانیان بۆ زیادکردنی بەشی خۆیان لە بودجەی بەغدا وتاکو هەوڵدان بۆ گۆڕینی یاسای نەوت‌و گاز بە قازانجی خۆیان، تا پاوانکردنی بیرە نەوتەکانی کوردستان.... سێهەم: گشت ئاسۆی سیاسی‌و فەشەلی ئیستراتیژی ناسیونالیزمی کوردو یەکێتی‌و پارتی دەگرێتەوە. یەکێتی‌و پارتی لە زمانی سەرانی هەردووکیانەوە، لەکاتی ڕیکەوتن لەسەر ماددەی ٥٨ ڕایانگەیاند کە کەرکوك هێڵی سورەو نابەزینرێت. ئەمڕۆ ئەم هێڵە سورە بەزاوە!. دەیانەوێت نیشانی بدەن کە هێڵی سورەکانی خۆیان نەبەزاندوە. یەکێتی‌و پارتی مانەوەی کوردستانیان لە عێراقدا گرێدابوو بە هێنانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم. ئەمڕۆ بۆ خۆیان وە بەتایبەت بۆ هەردوو سەرۆکی یەکیتی‌و پارتی زۆر ڕۆشنە کە کەرکوك نایەتەوە سەر هەرێم‌و ئەمشارە ناکرێت بە"کوردی". بۆیە دروشمی ماددەی ١٤٠ یان بەگشتی گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێم ئەو دروشمەیە کە بوارێکی ئیستراتیژی دەداتە حزب‌و بزوتنەوەکەیان‌و هێشتنەوەی بەم شێوەی ئێستای وەك کێشەیەك دیسان لە قازانجە لە بری ڕاگەیاندنی ئەوەی کە فەشەلیان هێناوەو هێڵی سوری خۆیان بەزاندوە. چوارەم: مانەوەی ئەم کێشەیە و ڕاگرتنی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە وەك دروشمێك بۆ سەرگەرمکردنیان" entrtainmen"لەباری سیاسییەوە بۆ یەکێتی‌و پارتی‌و دەسەلاتەکەیان هێجگار گرینگە. بەتایبەت کە دەسەلاتی ئەوان بەڕۆشنی نیشانی داوە کە دەسەڵاتی وەبەرهێنانی سەرمایەیە لە ناوچەیەکدا کە جگە لە "هێزی کاری هەزران‌و کرێکاری بێدەنگ" هیچی دیکەیان پێویست نیە. هێنانی کرێکارانی بەنگلادیشی لەم چوارچێوەیەدا قابیلی درککردنە کە مانگانە بە ١٧٥ هەزار دینار کرێ‌و خەواندنیان لە جەمالۆنەکاندا وەك ئاژەل‌و بارکردنیان لە تراکتۆردا وەك ڕانەر مەر. بۆیە سەرگەرمکردنی خەڵکی کورد زمانی کوردستان بەکێشەیەکەوە کە چارەسەرەکەیان بۆی شکستی خواردوە مەسەلەیەکی هێجگار گرینگە.

کێشەی کەرکوك لە چوارچێوەی سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردو دووحزبە دەسەلاتدارەکەیدا بن بەستە. ماددەی ١٤٠ کۆتایی هاتوە. UN هۆکاری هێشتنەوەی ئەم کێشەیەیە تا شکانەوەی هیز هاوسەنگی بە قازانجی یەکێك لە هێزەکان کە کۆتایی بەم کێشەیە بهینێت. بووونی UN لە باری سیاسییەوە کۆمەکێکە بۆ یەکێتی‌و پارتی و لایەنی کەم، کراوەتە بیانویەك کە گوایا چارەسەری کێشەکە دەکات.

خەڵکی کوردستان پێویست نیە چاوەڕوانی ئیمام مەهدی ١٤٠ بن ، چونکە خورافەیە. ئەوان پێویستیان بە جێبەجێکردنی ماددەی خۆیان هەیە، ئەویش دەرکێشانی کێشەی ئەم شارەیە لە چنگ ئەم ماددانەو گشت چارەسەرێکی نەتەوەیی بەعەرەبی‌و کوردی و ئیسلامی‌و تورکمانییەوە. ڕێگا چارەیەك کە دانیشتوانی ئەمشارە وەکو یەك‌و یەکسان تەماشابکات‌و مامەڵەی لەگەڵ بکات بە ناونیشانی واقعیەتی ئەمڕۆ. ڕیگا چارەیەك کە لە ڕوانگەی منەوە ممکنە بەم شێوەی لای خوارەوەیە. بۆ ژمارەی داهاتوو.

سامان کەریم:
کەرکوك بۆ یەکێتی‌و پارتی، یەك چاڵە نەوتەو هیچی دیکە

---

# فانتازیای سیاسەت لە یاریگای کوردایەتیدا شەڕی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستانە

ئازاد بەکر

سیستەمی ئابووری و سیاسی بێ خزمەتگوزاری کوردستان، لەژێر پەرچەمی دەسەلاتدارانی حیزبایەتی و ناوچەگەرێتیدا کۆمەلانی خەڵکی تووشی هەرەس و بێ هیوایی و ڕەشبینی کردووە. پارتەکانی کوردستان بە دەسەلاتداران و هاوکاران و هاوشێوەکانیانەوە خەریکی بەشکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی کوردستانن و ڕۆژانە کێشە و ناکۆکیانە لەسەر بردنی پشکی شێر لە و دەرامەت و سەروەتەی کە بەزۆرداری قۆرخیان کردووە. شەڕ و هەلوێست و توندی و گرژیان لە هەناوی ململانێکانیاندا تەنیا لەسەر دەسەلات و دەستگرتنی زیاتریانە بەسەر سامان و داراییدا. تا ئێستاکەش نەیان توانیوە لە چوارچێوەی تەسکی حیزبایەتی و عەشایەری شەخسپەرستی دەرچن و هەنگاوێک بچنە پێش و وەک دەسەلات و دەوڵەتێکی مەدەنی جێگیر و ئاسایی مۆدێرن دوور لە ئەقڵی ئاغایی و دەرەبەگی دەرکەون و دەیانەوێ هەمووشتێک لە پێناوی ئەواندا بێت. هەنووکە وەک جاران هەر خۆیان شۆڕشگێڕ و بەرهەڵستکار و خاوەن هەلوێستن و وەک کۆنە میرنشینەکانی مێژوو خەریکی شەڕی تایەفەگەری و ناوچەگەرێتین و هەریەکەیان باسی پاڵەوانێتی و قارەمانێتی و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری دەکات. ئەمەش لە خۆیدا کارەساتێکی سیاسی و کۆمەلایەتی کوشندەیە کە لە سەدەی بیست و یەکی زانست و تەکنەلۆژیادا کۆمەڵگا دووچاری ئەو شێوەیە لە دەسەلات بۆتەوە. بە جۆرێک بەرژەوەندی حیزب و تایفە و بنەماڵە تاکە کەس لەسەرو بەرژەوەندی هەموانەوە بێت و هەرچی خۆشی داهاتە و کوردستان تەنیا بۆ ئەوان بێت و کۆمەلانی هەژار و بەشمەینەتیش خزمەتکار و کرێگرتەیان بن و لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەو شەڕدا خەڵکی قەلغان و سوپەریان بن.

لایەنەکانی بەشدار لە دەسەلاتی سیاسی کوردستاندا لە پێناوی بەرژەوەندی تەسکیاندا هەمیشە ڕکەبەرێ و ناکۆکی و دژایەتی یەکتر دەکەن، ئاکامیش ڕایەلی کۆمەلایەتیان بە خەڵکەوە دەپچڕێ و ناجێگیری سیاسی دەبێتە مایەی پوکانەوە و داخزانی ئەم جۆرە دەسەلاتە و هاتنەکایەی قۆناغێکی نوێ، چونکە مانەوەی ئەم دۆخە کاریگەری نێگەتیڤی کۆمەلایەتی لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت. گەر لە ڕووی شارستانیەوە سەیری پەیوەندی کۆمەلایەتی لە ئەدەبیات و فەرهەنگ و سیاسەتیاندا بکرێت زیاتر هەست بە دواکەوتن و هەلوشانەوەی کۆمەڵگا دەکرێت. بە هیچ شێوەیەک ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو باشی ناچێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ڕوو لە خراپترە. دەبینین ئەم جۆرە دەسەلاتە موڵک و سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی خستۆتە ژێر ڕکێفی حیزب و بنەماڵەوە، ئەوەی کەپێ ی دەلێن حکومەت ڕووت و قووت کراوەتەوە، هەتا پەرلەمانیش کە دەسەلاتی یاسادانانە نازانێ دەسەلاتی جێبەجێکەر کە حکومەتە ئەم سەروەت و سامانە بەرەو کوێ ی دەبات. وەک دەبینرێت و باسدەکرێ ئەم بار و دۆخە خراپ و ترسناکە هەرچی پرۆژەو خزمەتگوزاریشە بەرە و دارمان و شکست و نابوتی بردووە.

حکومەت دامەزراوە و کۆمەلەو ڕێکخراوەی خێرخوازی و ئیسانی نی یە تا بە ئارەزووی خۆی یاری بە بە بەرژەوەندی کۆمەلانی خەڵکەوە بکات، جەماوەری بەشمەینەت دانیشن و چاوەڕوانی ڕەحمەتی ئەم دەسەلاتەبن تا نانێکیان بداتێ. گەر خەڵکی هەژار و چەوساوە ئیرادەبکەن دەتوانن تەوقی ترس و دیلێتی بشکێنن و بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سیاسی ڕێکخراو ئەو دەسەلاتە دراماتیکیانەبپوکێننەوە.

# بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانەوە پەیوەست بن!

شەماڵ عەلی
shemalali@yahoo.com

بۆ دەربازبوون لە دەست بێبەشی‌و بێ مافی لە سایەی سەرگەردانی سیاسی‌و حوکمی میلیشیایی-عەشیرەتی حزبەکانی کوردایەتی، بۆ کۆتایی هێنان بە گێژاوێکی سیاسی کە سادەترین مافەکانی دانیشتوانی کوردستانی وەک هاوڵاتی تیادا پێشێلکراوە، هیچ ڕیگایەک جگە لە هاتنە مەیدانی جەماوەر خۆی‌و کۆبوونەوە لە دەوری ئاڵای خواستە ئینسانیەکانی خۆی بوونی نییە.

سەرەڕای مێژوویەکی چەند دە ساڵی لە چەوسانەوەی قەومی‌و ژێرپێنانی سادەترین مافە ئینسانیەکانیان لە سایەی دەسەڵاتە قەومیە ڕەگەزپەرستەکانی عیراقدا، دانیشتوانی کوردستان ماوەی حەڤدە ساڵە لە سایەی جەنگو سیاسەتی ئەمریکاو بە هاوکاری حزبە قەومیەکانی کوردستان، ڕۆژگارێکی ڕەش لە چاوەڕوانی‌و بێئایندەیی‌و چەوسانەوەو ستەم‌و نەبوونی‌و بێکاری‌و بەرەوپاشگەڕانەوە لە هەموو مەیدانێکدا باڵی تاریکی خۆی بەسەر ژیانیاندا کێشاوە.

ئەم هەلومەرجە قابیلی گۆڕانە، نادیاری ئایندەو دڵەڕاوکێ‌و ترس لە هەڕەشەی دەوڵەتو هێزە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، بێبەشی لە سەرەتاییترین ماف کە مافی هاوڵاتیبوونە، هەژاری‌و بێکاری‌و بێبەشبوون لە سادەترین خزمەتگوزاری لە سایەی دەسەڵاتی میلیشیایی-عەشیرەتی ئەحزابی حاکمی کوردستاندا کە بۆتە تەنها بەشی جەماوەر، کۆیلەکردنی ژنان لە سایەی ژیاندنەوەی داڕزیوترین فەرهەنگی کۆنەپەرستانەو ژێرچەپۆکەیی منداڵانو ژێرپێنانی سادەترین مافەکانیان، هەموو ئەوانە بە دەستی خودی خەڵکو بە ئیرادەی ئازادانەو هۆشیارانەی خۆی‌و ڕێکخراوبوون لە دەوری ئاڵای خواستە ئینسانیەکانی دەکرێ کۆتایی بێت.

هیچ کات هێندەی ئەم ڕۆژگارە سەروەتو سامان لە کوردستاندا نەبووە، بەڵام هیچ کاتیش وەک ئێستا قەڵەشتو جیاوازی چینایەتی فراوانو گەورە نەبووە. سامانی کوردستان لە جێگای ئەوەی ببێتە مایەی بەختەوەری خەڵکەکەی لە دەستی کەمایەتیەکی کەم لە سەرمایەدارو بازرگانو بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا کۆبۆتەوەو لە پەنا دەوڵەمەندی سەرسوڕهێنەری ئەواندا زۆربەی هەرەزۆری خەڵک لە هەژاری‌و نەبوونیدا گوزەران دەکەن.

کەمایەتیەکی کەم کە ئەمڕۆ لە کوردستان دەسەڵاتیان لەدەستدایە بە هەموو شێوازیک ئەوەیان سەلماندووە کە ئەهلی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو وەڵامدانەوە بە سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی خەڵک نین. دەسەڵاتدارانی کوردستان لە سایەی حاکمیەتی میلیشیایی-عەشیرەتی دواکەوتووانەی خۆیاندا، لە هەژاری‌و بێکاری زیاتر بۆ کارگەرانی کوردستان، لە بێئومێدی‌و بێ ئایندەیی زیاتر بۆ کچانو کوڕانی لاوی ئەم کۆمەڵگایە، لە کۆنەپەرستی‌و توندو تیژی‌و کوشتار زیاتر بۆ ژنان، لە بێبەشی‌و بێنازی زیاتر بۆ منداڵان، لە سەرکوتو داپڵۆسین زیاتر بۆ ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتو سیاسەتیان، هیچیان لە هەگبەدا نەبووەو نییە.

چاوەڕوانمانەوە بیهودەیە، بانگەشەکانی ریفۆرمو چاکسازی دەسەڵات ڕیوونکەرو خۆڵکردنە چاوە، گوشاری ئیعلامی‌و کاری شێنەیی‌و بەکارهێنانی سندوقەکانی هەڵبژاردن بۆ بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە تامۆخی ئێسقان ناموتەمەدین‌و عەشیرەتیە بەرهەمێکی نابێت. تەنها ڕێگا وەلانانی دەسەڵاتی ئێستای ئەم حزبانەو هێنانەکایەی دەسەڵاتو دەوڵەتێکی مەدەنی‌و هاوچەرخە.

بەڵام دەسەڵاتدارێتی‌و کوێخایەتی حزبەکانی کوردایەتی وەک هەر دەسەڵاتێکی تری ستەمکار نییەو بە تەنها شانی دانەداوەتە سەر سەرکوتو داسەپاندنی جەهلو نەزانی بەسەر خەڵکدا، ئەم دەسەڵاتە لە سایەی بەستنەوەی کوردستان بە عیراقێکی پارچە پارچەکراوی فیدرالیزەکراوەوە، لە ژێر هەڕەشەی لکاندنەوەی کوردستان بە دەسەڵاتی دەستەوتاقمی مەزهەبی‌و تێوەگلاندنی کوردستان لەگەڵ سیناریۆیەکی ڕەش کە لە عیراقدا کەوتۆتەوە، لە ژێر سێبەری هەلومەرجێکی هەڵواسراودا کە تیایدا نە کوردستان دەوڵەتەو نە بەشێکە لە دەوڵەتێکی ئاسایی‌و جێگیر، ئەم دەسەڵاتە بە سوودوەرگرتن لە بەرەکەتەکانی فیدرالیزمیکی قەومی توانیوێتی‌و دەتوانێت بە پێوە بمێنێتەوە. ئەم هەلومەرجە دەبێت کۆتایی بێت، ئەم فیدرالیزمە قەومیە دەبێ هەڵوەشێتەوە.

مانەوەی فیدرالیزمی قەومی‌و لکاندنەوەی کوردستان لەژێر ئەم ناوەدا بە دەسەڵاتی مەرکەزی عیراقەوە، بێبەشکردنی جەماوەری کوردستانە لە مافی هاوڵاتیبوون. هاوڵاتیبوون یانی مافی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا مافیان هەبێت. درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە فرسەت بە حزبەکانی کوردایەتی دەدات کە وەک ڕەعیەتێکی بێ ئیختیارو بێ ئیرادە مامەڵەی جەماوەر بکەن. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی میلیشیایی-عەشیرەتی ئەم حزبانە کۆتایی بێت، پێویستە کوردستان هەنگاو بۆ سەربەخۆ بوونو پێکهێنانی دەوڵەت هەڵبگرێت. خەبات بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە لە بێخەوە گەندەڵەی ئێستا ڕاستەوخۆ بە خەبات بۆ پێکهاتنی دەوڵەتەوە لە کوردستاندا لێکهەڵپێکراوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ وەدیهێنانی ئاڵوگۆڕو شۆڕش پێکهاتووە، ئەم حزبە حزبی خواستە فەوری‌و چەندین ساڵ هەڵپەسێرراوەکانی کرێکارانو جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانە، حزبی خەباتکاری ڕێگای ژیانێکی ئینسانی‌و بەختەوەرو تێروتەسەل بۆ هەمووان، حزبی تێکۆشان بۆ مافو ئازادیەکانی ژنان، بۆ ئێستایەکی پڕ ئومێدو فرسەتی گەشەو پەرەگرتنی تواناکانو ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ لاوان، بۆ ژیانێکی ئاسوودەو پڕ خەندەی شادی بۆ منداڵان، بۆ بەدیهێنانی مافە مەدەنی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان بۆ هەموو تاکەکانی کوردستانە. حزبی بەدیهێنانی ئازادی‌و یەکسانی لە ڕێگای بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیەوەیە، لەم ڕێگایەشدا خەبات بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی‌و سکیولار لە کوردستاندا دەکات. بە حزبی کۆمۆنیستی-کرێکاریی کوردستانەوە پەیوەست بن!

# مافەکانی منداڵان لە بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستاندا

مافی هەر منداڵێك لە بەهرەمەندبوون لەژیانێکی بەختەوەرو ئاسوودەو داهێنەرانە.
کۆمەڵگا لەسەرێتی کە خۆشگوزەرانی‌و بەختەوەریی بۆ هەموو منداڵێك، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانیی، دابین بکات. دەوڵەت لەسەرێتی ستانداردێکی چونیەك لە خۆشگوزەرانی‌و ئیمکاناتی گەشەی ماددی‌و مەعنەوی منداڵانو تازەلاوان، لەبەرزترین ئاستی شیاودا، دابین بکات.
دانی خەرجی پێویستو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی‌و ئاموزشی‌و کەلتووری خۆڕایی، بۆ زامنکردنی ستانداردێکی بەرز بۆ ژیانی منداڵانو تازەلاوان بێ‌گوێدانە وەزعی خێزانی‌یان.
سەرپەرشتی کردنی هەموو ئەو منداڵانەی کە خێزان یان ئیمکاناتی خێزانی‌یان نییە، لەلایەن دەوڵەتەوەو بەخێوکردنو پەروەردەکردنیان لە دامەزراوە مۆدێرنو پێشکەوتووو پۆشتەکاندا.
دەستەبەرکردنی دایەنگە پۆشتەو مۆدێرنەکان بەمەبەستی بەهرەمەندبوونی هەموو منداڵان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی وەزعی خێزانی‌یان، لە ژینگەیەکی زیندووو داهێنەرانەی پەروەردەیی‌و کۆمەڵایەتی.
یەکسانیی تەواوی منداڵان لەڕووی مافەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەچوارچێوەی زەواج یان دەرەوەیدا لەدایك بووبن.
قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منداڵانو تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵی.
قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منداڵان لە خێزانو قوتابخانەو دامەزراوەکانی خوێندنو لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی. قەدەغەکردنی بێ‌ئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی.
قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونی‌و ترساندنی منداڵان.
ڕووبەڕووبوونەوەی توندی قانوونیی لەگەڵ بەدکەڵك وەرگرتنی جنسیی لەمنداڵان. بەدکەڵك وەرگرتنی جنسیی لەمنداڵان بە تاوانی قورسی جینایی دەژمێردرێت.
لێپرسینەوەو سزادانی قانوونیی کەسانێك کە بەهەر جۆرێك‌و بەهەربیانوویەك ببنە ڕێگر لەبەردەم بەهرەمەندبوونی منداڵان، چ کچ چ کوڕ، لەمافە مەدەنی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی خۆیان، وەکو فێربوون، ڕابواردن‌و بەشداری‌کردن لە چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی‌تایبەت بەمنداڵان.
قەدەغەکردنی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربازیی بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٦ ساڵی.

# تاکو ئێستا کەس نەهاتووە بەدەنگ داواکاریەکانی مەسیحیەکانەوە

**وەزعی مەسیحیەکانی کوردستانو عێراق، لەسایەی جەنگو دەسەڵاتی ملیشیاهەمەچەشنەکانی دەستەتاقمە قەومی‌و تائیفیەکان، جەهەننەمێکی بۆ گشت هاوڵاتیانو مەسیحیەکانی عێراق بەتایبەتی خولقاندوە، کە زیاتر لەپێنج ساڵە گەورەترین کۆچو لەناو ئەواندا بووەو زیانبارترین بەشی هاوڵاتیانی عێراقن. بۆیە ئۆکتۆبەر بۆ ڕۆشنایی خستنەسەری زیاتری ئەو کێشانە، ئەم لێدوانەی لە بەڕێز هاول خیزقیە مشو* وەرگرت، کەئەمەی خوارەوە دەقەکەیتی:**



بەڕیزان لەڕۆژنامەی ئۆکتۆبەری تێکۆشەر، نامەیەکی کراوە کە پڕە لە مەینەتی و نەهامەتی دەخەینە بەردەم بەڕیزتان کە گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە، کە ئێستا مەسیحیەکانی عیراق ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەم ڕووداوانەش بووەتە هۆی بەجێهێشتنی وڵات بەیەکجاری، تەنانەت گەر ڕێگە چارەیەك نەدۆزرێتەوە بۆمات بەمەبەستی کەمکردنەوەی مەینەتی و نەهامەتیەکانمان ئەوا ئەو مەسیحیانەی ئێستا ئاوارەن لە کوردستان ، بەتەماین مافی پەنابەریان بۆ وەربگرین، چونکە ئێستا باردۆخی داراییان زۆر خراپە، لەکاتێکدا لەسەرجەم وڵاتانی دنیاوە کۆمەك و یارمەتی دێت بۆ مەسیحیەکان و زوربەی ئەو یارمەتیانەی دێت لەلایەن کەنیسەی ئینجیلیەوە دێت. بەمەبەستی مانەوەی مەسیحیەکان لە ناوچەکانیان سەرەڕای ئەوەی کە مەسیحیەکان گیریان خواردووە بەدەست چەتەکانی موقتەدا سەدرەوە کە بە زۆر باجیان خستۆتە سەر مەسیحیەکانو ئێستاکە بەباجیش وازیان لێناهێنن، بەزۆر مەسیحی ئەکەن بە موسڵمان، کەئەمە دوورە لەهەموو یاسایەكو پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی وپێشێلکردنی مافەکانی مرۆفە. وەئەم چەتانە لەهەموو بۆنەیەکدا تۆڵە لە مەسیحیەکان دەکەنەوە و ئێستا کەوتوونەتە داگیرکردنی سەروەت و سامانی ماڵە مەسیحیەکان و بێ سەروشوێن کردنی دەیان و سەدان گەنج و لاوو ڕفاندنی زۆر لەو کچانەی کە تاکو ئێستا چارەنووسیان دیارینەکراوە و زۆر هەوڵیشمان داوە چارەنووسی ئەو مەسیحیانەی کە بێ سەرو شوێنن کە بە هۆی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی لە ناوچەکانی بەغداو بەسرەو موسڵ ڕوویداوە بەهۆی نەبوونی دەوڵەتی یاساو قانون نەمانتوانیوە تاکو ئێستا لە ڕیی یاساوە چارەنووسیان دیاریبکەین. کە ئەمە گەورەترین کۆسپە لەڕێی مانەوەی مەسیحیەکان لە عیراق، وە زۆر جار ڕێکخراوە بیانیەکانمان ئاگادارکردووەتەوە بەلاّم بێ سوود بووە.زۆریش داوامان کردووە لە حکومەتی عیراقی ئەو هاوکاریانەی کە دێت بو ئاوارە یان ئەوانەی لێیان قەوماوە لە کاتی کارەساتی دڵتەزیندا هاوکاری مادی بکرێن.بەلاّم ئەم داواکاریەیان پشتگوێ خستووین،لەبەر ئەوەی بەڕەسمی نایانەوێت ئەم ڕاستیانە بخرێتە ڕوو، ئێمەش پرسیارێك لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەین کاتێك کە خۆیان پەنابەر بوون لەدەرەوەی وڵات لەترسی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا موعامەلەی ئینسانیان لەگەڵدا کرا. دەبوایە سودێکیان لەوئەزموونەی دەرەوەی وڵات وەربگرتایەو ئەو سیستەمەیان پیادەبکردایە لەم ساتەوەختەدا، بەلاّم بەداخەوە تاکو ئێستا کەس نەهاتووە بەدەنگ داواکاریەکانمانەوە،وە هیوادارین ئاوڕیکمان لێبدەنەوە بۆئەوەی زیاتر مەینەتیمان زیادنەکات ،سەرەڕای ئەوەی ٩٠٪ ی ئاوارەکان بێبەشن لە سادەترین مافی خوێندن بەهۆی کەم دەرامەتیانەوە زۆر جار لەڕێی کەناڵەکانەوە داوای هاوکاریان بۆدەکەین ،هیوادارین هەرکەس بتوانێت هاوکاریمان بکات بۆئەوەی بتوانین خزمەتێك بەو ئاوارانە بکەین کە تائێستا هیچکەی ئاوڕی لێنەداونەتەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

تێبینی : هەرکەسێك دەیەوێت هاوکاریمان بکات پەیوەندی بەم ژمارانەوە بکات: ٠٧٧٠١٩٣٩٨٠١- ٠٧٥٠١١٤٣٩٧٠

## ئەگەر ووتار یان هەر بابەتێکت بۆ (ئۆکتۆبەر) نووسی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە

١-نووسینەکانتان بە شێوەی چاپکراو بنێرن، ئەگەر ئەمەتان بۆ ئیمکان نەبوو ئەوە بەخەتێکی جوان و تەنها لەیەك دیوی وەرەقەی خەتداردا کەبتوانری بخوێنرێتەوە بنێرن، دێر بپەرێنن و کوژانەوەی تیانەبێت.
٢-فاریزە، نوقتە، نیشانەی پرسیار و سەرسورمان، کەوان بەهەموو شێوەکانیەوە، لەشوێنی خۆی دابنێن.
٣- ئۆکتۆبەر هیچ ووتاریك بلاوناکاتەوە، کە پیشتر بلاوبووبیتەوە
٤- ئۆکتۆبەر ئازادە لە کورتکردنەوەی ئەو ووتارو نوسینانەی بۆی دێت، ئەگەر نەتان ویست دەستکاری نووسینەکانتان بکرێت، ئاگادارمان بکەن. نوسخەی نێردراو بۆخاوەنەکەی ناگێردرێتەوە.
٥-درێژی هەر ووتارو بابەتێك نابێت لە ٣/٢ لاپەرەیەك زیاتر بێت، هەوەها ئەولەویەت بۆ ووتاری کورتە.
٦-ئیمزا و بەروار لە نوسینەکانتان بدەن، ئەگەر نەتان ویست ئیمزاکانتان بلاّوبێتەوە، ئاگادارمان بکەن.
٧- ئۆکتۆبەر ئەو ووتارو بابەتانە بلاّودەکاتەوە، کە لەگەڵ سیاسەتی گشتی حزبدا دێتەوە.

# لە سایەی زانست دا مردو زیندوو دەکرێتەوە!

ئامادەکردنی سیروان یەمین



هەموو ڕۆژێک تێدەپەڕێ پەتی درۆی خورافە کورت و کورتر دەبێتەوە، سەرەڕایی خەرج کردنی بەشێکی زۆر لە داهاتی مرۆڤ لە دروستکردنی کەنیسە و مزگەوت و بەخێوکردنی سەدان هەزار قەشە و مەلا خاخام و ئایەتوڵا بۆ بڵاکردنەوەی بڕوای ئاینی، سەرەڕای ئەو هەزار و چەند سەد ساڵە کە ڕۆژانە چەندین جار بە بانگ و وتارە ئاینیەکانیان ئاگامان دەکەنەوە، بەڵام هەموو ئەمانە لە بەردەم شەپۆلی زانست و تەکنۆلۆجیادا حەتمەن خۆ ڕاناگرێ. بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایدا هەر ڕۆژە و داهێنانیکی نوێ تەواوی دەق و تێکستە خورافیەکان سەرەوژێر دەکاتەوە، هەموو ڕۆژێ وتەکانی مارکس و ئینگلس و داروین ئەوانی تر لە مەر سروشت ژیان روون تر دەسەلمینرێ، خۆشیەکەشی لەوەدایە کە نە خۆتەقاندنەوە و نە سەربڕینی دیلی سەرشاشەی تەلەفیزۆنەکان و نە مینرێژکردنی شوێنە مەدەنیەکان بەری ڕۆژی ڕونی زانست ناگرێ و بە کەڵکی ئەم بارودۆخە نایە چونکە زانست ماتماتیکە و دوو کۆی دوو دەکاتە چوار و هیچ بواریک بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک ناهێڵێتەوە.

**لە تازەترین** داهێنانی زانستی جیناتدا توانرا بە سەرکەوتووی پلنگێکی تسمانیا کە لە ساڵی ١٩٣٦ لە ناوچوون زیندوبکرێتەوە پاش چاندنی لە نێو ڕەحمی مشکێکدا، ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ زیندوکردنەوەی چەند جۆر لەو گیان لەبەرانەی کە پێشتر لە ناوچوون. زانا ئوستралیەکان هاوڕێ لەگەڵ زانا ئەمریکیەکان لە زانکۆکانی ئوستراليا هەستان بە جیاکردنەوەی جینیک لە نمونەیەک لەو پڵنگە ئوسترالیە کە ماوەی سەدەیەکە پارێزراوە و لە شێوەدا لە سەگ دەچێت پاشان لە تۆیەکی مشکەکەدا چاندیان.

ئاندرۆ باسکی کە سەرپەرشتیاری تیمەکەیە لە زانکۆی مێلبۆرن ڕایگەیاند کە ئەوە یەکەم جارە کە دی ئێن ئەی ئاژەڵێکی لە ناوچوو بۆ دروستکردنی کاردانەوەیەکی فیبزیکی لە ئاژەڵیکی تردا بە کار دەبەن.
هەروەها زاناکان ڕایانگەیاند کە ئەم تاقی کردنەوەیە ڕێگا خۆش دەکات بۆ زیندوکردنەوە جۆرە لە ناوچووەکان.
وە باسک ڕایگەیاند کە ئیمکانی ئەوە هەیە ڕۆژیک بێت بتوانرێ ئاژەڵە لە ناو چووەکان زیندوبکرێنەوە بە پشت بەستن بە تەکنیکی جیاوازتر لەوەی کە ئیمە لە گەڵ پلنگێکی تسمانا کردمان.
وە زیادی کرد کە زاناکان فرسەتی ئەوەیان هەیە چاودێری کردەوەی جینی ئەو ئاژەڵە بکەن وە هەر ئاژەڵێکی وا ٣٠ هەزار جینی هەیە، وە ڕونیکردەوە ئەو تاقی کردنەوەیە سەرکەوتووە، کە لەگەڵ پڵنگی تسمانیا کردویانە لەوانەیە دووبارەی بکەنەوە لەگەڵ ماموت یان مرۆڤی نیاندەرتاڵ یان دەیناسور لە کاتی بوونی دی ئین ئەیکی پوختە و ساغدا.

http://www.radiosawa.com/arabic_news.aspx?id=1597165&cid=22

لە سایتی ڕادیۆی سەوا وەرگیراوە

ئۆکتۆبەر
October

سەرنوسەری ئەم ژمارەیە: عەبدوڵا مەحمود بەڕێوەبەری نووسین: شوکاك عبدالستار
دەستەی نووسەران: ئاسۆ کەمال، بەشدار عەلی، بنار مستەفا، محەمەد غەفور، رەمەزان سابیر، ئازاد جەوهەر، سامان کەریم، سەعید ئەحمەد، شەمال عەلی، محسین کەریم، جمال محسن
بۆ ناردنی بابەت و پەیوەندیگرتن بە ئۆکتۆبەرەوە:
Email: October_917@yahoo.com & shukaks@yahoo.co.uk
www.hkkurdistan.org
بڵاوکراوەیەکی سیاسیە، دووهەفتە جارێك لە ١و ١٥ی هەموو مانگێك دەرئەچێت

# قەدەغەکردنی هەرجۆرە ئازاردانێکی منالاًن لە خێزان و قوتابخانەو دامەزراوەکانی خوێندن و لەئاستی کۆمەڵگا بەگشتی. قەدەغەکردنی بێئەملاوئەولای سزادانی جەستەیی. قەدەغەکردنی گوشارو ئازاری دەروونیو ترساندنی منالاًن.

## سالار حەمەعلی: پرۆژەی داهاتووم کتێبێکی ١٠٠٠ لاپەڕەییەو جارێ ئاشکرای ناکەم

**کێشەی ئافرەتان و بزووتنەوەی ژنان لەنێوان وەهم و واقعدا، ناوی ئەو کتێبەیە کە سالار حەمەعلی ئامادەی کردوە، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە ئامانج لەئامادەکردنی ئەم کتێبەو پرۆژەی داهاتووی نووسەر، ئەم گفتوگۆ کورتەمان لەگەڵی سازکرد.**

ئۆکتۆبەر: بیرۆکەی ئەنجامدانی ئەم دیالۆگانە لەسەر کێشەی ژنان و بزووتنەوەکەیان لەگەڵ کەسایەتیە سیاسی ونووسەران، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

سالار حەمە عەلی: بیرۆکەی بە ئاکامگەیاندنی پرۆژەی ئەم دیالۆگانە سەرچاوەی گرتووە لە هەستکردن بە کۆژانی ڕەگەزی مێینە. کە بە جیاکاری دەست پێئەکات و بە ئیستیغلالکردن (بە هەموو جۆرەکانیەوە) تێئەپەڕیت و بە توندوتیژی(بە هەموو شێوەکانیەوە) کۆتایی دێت.

ئۆکتۆبەر: لە پێشەکی کتێبەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت کە ئەم پرۆژەیە زیاتر لە ٩ساڵی خایاندووە، هۆی چی بوو ئەم ماوە درێژەی خایاند؟

سالار حەمە عەلی: درێژە کێشانی ماوەی کارکردن لەم پرۆژەیەدا، ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆوهۆکار لەوانە:

١-زۆری وقورسی پرۆژەکە و بەتەنها کارکردنی خۆم تیایدا.

٢- زۆری تێچوون و خەرجی پرۆژەکە، کە تەواوی پارەکەی لە داهاتی شەخسی خۆمەوە دابین کراوە.

٣- بێوەعدی و بێ مەوعیدی بەرامبەرەکانم هەر لە تایپێست و دیزاینەرو چاپخانەکانەوە تا زوربەی ئەو بەڕێزانەی کە دیالۆگەکانیان لەگەڵ سازدراو ئەوانەشی کە لەگەڵیاندا سازنەدرا!.

٤- کۆمەڵێك ڕێگری و کۆسپ کە لە لایەن هەندێك کەس و حزبی سیاسی وبەڕێوەبەرایەتی حکومییەوە، بۆم دروستکرا.

ئۆکتۆبەر: پێشوازی لە کتێبەکەت چۆن بوو؟

سالار حەمە عەلی: پێشوازیکردن لە کتێبەکە لەسەر دوو ئاست و هەڵوێستی جیاواز و دژ بەیەك بوو:

یەکەم/ پێشوازیکردنێکی گەرم لە لایەن کۆمەڵێك لە خەڵکی ئاسایی تا بەشێك لە ڕۆشنبیرو یاساناس و سیاسەتمەداران و، هەندێك حزبی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوی ژنان، کە پیرۆزبایی و دەستخۆشیان بە ئاستی جیاجیا لێکردووم.

دووهەمیان / هەڵوێستی کەمتەرخەمی حکومەت و زوربەی حیزب و ڕێکخراوە جیاجیاکان و دام ودەزگا ڕاگەیاندنەکان، بەتایبەتی ڕاگەیاندنە بە ناو ئەهلی و سەربەخۆ و ئازادەکان و لەگەڵیاندا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و خوشکان ...هتد ،لە کاتێکدا کە کێشەی ئافرەتان بە کێشەی خۆیان ئەزانن و بە ڕوکەش بەرگری لە ماف و ئازادیەکانی ژنان و کچان ئەکەن.

ئۆکتۆبەر: پرۆژەی داهاتووت چیە؟

سالار حەمە عەلی: پرۆژەی داهاتووم لە بواری نووسیندا، کتێبێکی



(١٠٠٠)لاپەڕەیی قەبارە گەورەیە. بەڵام ئاشکرا کردنی ناونیشان و ناوەڕوکەکەی لە داهاتوویەکی نادیاردا ڕادەگەیەنم.

## دواستوون

# منالاًن

ئەمرۆ ١/ ٦ جەژنی جیهانی منالاًنی دنیایە، جەژنی ئەو پەپولەو ئینسانە ناسکانەیە کە نازانن دین و ناسیونالیزم چۆن سەریان هەڵداوە، نازانن کاردابەشکردنی چینایەتی کەی پەیا بووە، نازانن ململانێ چینایەتی و ستەم و هەڵاواردن یانی چی، نازانن بەهەشت و جەهەنەم چییە، نازانن مۆدێرنەو پۆستمۆدێرنە، نەزمی نوێی دنیا، مافی مرۆف، تیرۆر، چین. نازانن گلوبالزەیشن و فدرالیزم و کۆنفدرالیزم، مێژوو، فەلسەفە، ئەدەب و هونەر و موسیقاو شانوو، زەواج و پەیوەندی خەڵك لەگەڵ یەکتری یانی چ جێگایەکیان لە کۆمەڵگادا هەیە، نازانن ڕق و کینەو دوژمنایەتی و فێڵ و درۆ و پیلان ... چی وچین.

ئەوان سەرگەرمی دنیای منالًی خۆیانن، خاوەن خولیاو هەستی تازەچرۆکردون، خاوەنی هەزارەها پرسیارن، پرسیاری چۆن هەن، بۆهەن، کێ دروستیکردون، دنیا کێ دروستی کردووە، خوا کێیە، لەکوێییە، مانگ وخۆرو ئەستێرەکان چۆن هەن و کێ دروستی کردون، چۆن ئینسان ئەیانگاتی، .......

لەهەر گۆشەو کەنارێکی ئەم دنیایە، منالاًن خولیاکانیان پێشیلکرا، پرسیارەکانیان ڕەوێنرایەوە، لێدران، ترسێندران، لە خوێندن بێبەریکران، جیاکاریان بەرامبەر کرا، گوێیان لێنەگیرا، منالًی شەرمن و ترسنۆك و بێبڕوا بەخۆ و درۆزن دەرئەچن، ئەوە کە کێ بەرپرسە بەرامبەریان نە دایکەو نەباوك، کۆمەڵگاو نیزامە، دەسەڵات و سیستەمە.

زوربەی زۆری منالاًنی کوردستان، نەك بە مافەکانیان تەنانەت جەژنی منالاًنی دنیا کە جەژنی خۆیانە پێی ئاشنا نین، ئاخر منالاًنێك پەروەردەیەکی تەندروستیان نەبێت، لە خوێندن و فێرکردنی شیاو بەهرەمەند نەبن، چۆن بزانن جەژنیان کەیە؟ لەم مەملەتە سیخناخە بە قەومچێتی تێکەلاو ئاودراو لەگەڵ ئیسلام، وایکردووە منالاًن بە جەژنی قوربان و ڕەمەزان زۆتر ئاشنابن، تا جەژنی منالًی خۆیان. منالاًن ناوی خواو سەرۆك زۆتر دەبیستن تا جۆری پەپولەو یاریەکان، ناوی حزب و ڕەنگی ئاڵای حزبەکان زووتر بە گوێچەکەیان ئەکەویت، تا باسی ڕاستگۆیی و ئیرادەبەخۆبوون.

وە لە سایەی نیزامی هەموو شتێك بۆ خۆمدا، لە کوردستان قڵشتێکی چینایەتی بێئەندازە گەورە پێکهاتووە، قڵشتی نێوان دوو کۆمپانیا "یەکێتی و پارتی" بە قەوارەی حزبی میلیشیایەوە بۆ کەڵەکردنی زۆرتری سامان و پاراستنی لەلایەك و ئۆدویەکی ملیۆنی ئینسانی برسی و بێکارو بێ خزمەتگوزاری و بێماف و... لەلایەکی ترەوە.

ئەم هەلومەرجە وای کردووە کە خەڵکی نەدارو بێکار یان ئەوانەی کە کرێی کەمیان هەیەو دەرەقەتی گرانی بازاڕ نایەن، ناچاربوون منالًەکانیان لە خوێندن دەربهێنن و ڕەوانەی بازاری بێڕەحمی کاریان بکەن، یان لە ناچاریدا فێری گەدایی بکرێن. ئەمە ئەم موسیبەتەیە کە لەپاڵ سەدان موسیبەتی تردا یەخەی خەڵکێکی زۆری گرتووە.

لە کوردستاندا بەهەزاران منالً خەریکی کاری جۆراوجۆرو گەدایین. سەیر ئەوەیە دەسەڵاتی کوردی هەموو ڕۆژێك بانگەشەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دووپات دەکاتەوە، هەموو ساڵێکیش لە یادی جەژنی جیهانی منالاًندا، ئاهەنگ و فیستیفاڵ و چالاکی جۆراوجۆر وەرێدەخات.

منالاًن کە پێوستە لە خوێندن و پەروەردەی تەندروست بەهرەمەند بن، کە نابێ کاری پیشەییان پێبکرێت، نابێ بخرێنە ژێرگوشارو لێیانبدرێت، پێویستە کەش و هەوایەکی ئارام داهێنەرانەیان بۆدەستەبەر بکرێت، کەچی دەسەڵات لەجێگای ئەمانە بەوەرێخستنی فیستفال و ئاهەنگ ئەیەوێت شانی خۆی لەم خواستە زۆر سادانە خالًی بکاتەوە.

لە ژێر سایەی هەر دەسەڵات و حکومەتێکدا منالاًن کاری پیشەییان پێبکرێت، ناچار بەگەدایی بکرێن، ئەم دەسەڵات و حکومەتە دەسەڵات و حکومەتێکی نامەدەنی یەو باسی پاراستنی مافی مرۆفیش درۆیەکی شاخدارە.

## دوامۆڵەت بۆ وەرگرتنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو

## ٢٠٠٨/٦/١٣



**برسێتی ڕۆژبەڕۆژ ڕوولەزیادبوونە، نرخی کاڵاکان تا ١٠ ساڵی داهاتوو، بەڕێژەی ٨٠٪ بەرزدەبێتەوە. (لە ئازاد بەکر)ەوە**




# بژی جمهوری سۆسیالیستی

## پلنیۆمی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی کۆتاییهات

**ڕۆژانی ١٩،٢٠،٢١ئایار، کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی فراوانی خۆی بەست، کۆبونەوەکە بە بەشداری زوربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئامادەبوونی وەفدێکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و میوانداری چەند هاوڕێیەك لە ئەندامانی کۆمیتەی شارەکان دەستی پێکرد، هاوکات هاوڕێیانێك لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_ حیکمەتیست، بەشداری بەشێکی کۆبونەوەکە بوون.**

**پلنیۆم بە سرودی ئەنتەرناسیۆنال و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردووی ڕێگای سۆسیالیزم ودنیایەکی باشتر دەستیپێکرد و پاشان چووە سەر دەستوری کۆبونەوەکانی.**

**سەرەتای پلنیۆم بە ڕاپۆرت دەستیپێکرد کە تایبەت بوو بە ڕاپۆرتی ئەو کارو چالاکیانەی کە لە نێوان کۆنگرەی دامەزرێنەرو پلنیۆمی یەکەمەوە تا پلنیۆمی دووەم ئەنجامدرا بوو.**

**کۆبوونەوەکە دوای قسەوباسێکی هەمەلایەنە لەسەر ڕاپۆرتەکە، بەگشتی کاروباری ئەم دەورەیەی و بە تایبەتیش کاروهەڵسوڕانەکانی تایبەت بەئایار وجێگاو ڕێگای ئەم ماوەیەی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەری بە ئیجابی هەڵسەنگاند.**

**پاشان چووە سەر وەزعی سیاسی کوردستان، کە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە باسی وەزعی سیاسی کوردستان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر وەزعی سیاسی کوردستاندا هاتوون بە تایبەتی جێگاو شوێنی ئەمریکاو ناکامیەکەی، ئاکامی ئەم ناکامییە بەسەر بزووتنەوەی قەومی کوردو حزبەکانی، دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە، بزووتنەوەی نارەزایەتییە جەماوەریەکان، و ئایندەی سیاسی کوردستان، کرد.**

**پاشان چەندین باسی سیاسی لەلایەن ڕابەری حزبەوە پێشکەش کران، کە بریتی بوون لە جێگاو ڕێگای بەیانی سەربەخۆیی کوردستان لە ستراتیجی حزبدا، هەنگاوی عەمەلی سەبارەت بە بەیانی سەربەخۆیی، نەخشەو هەڵسورانی سیاسی حزب لەکوردستان، چۆنیەتی فراوانکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حزب، ڕێگاچارەی حزب بۆ کێشەی کەرکوك، حزب و کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و تەسویرو جیهەتگیری، کام حزبی سیاسی پێکدەهێنین، ئەو باسە سیاسیانەی پلنیۆم بوون کە بە بەشداری بەرچاوی هاوڕێیان بەڕێوەچوون. لەپەیوەند بەم باسانەوە چەندین تەسمیماتی پێویست خرایە دەستوری مەکتەبی سیاسیەوە.**

**باسێکی تری کۆبونەکە چووە سەر بڕگەی بڕیارو بڕیارنامە پێشنیارییەکان کە خرابوونە بەردەم پلنیۆم، لەوبارەیەوە چەندین بڕیار پەسەندکران و چەندین بڕیاری تریش سپێردران بە مەکتەبی سیاسی.**

**بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی دەبیرو جێگری دەبیری کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی.**

**کۆبونەوەکە، هاوڕێیان عوسمانی حاجی مارف بە سکرتێرو عبداللە مەحمود بە جێگرو هاوڕێیان" ئازاد مەجید، ڕەمەزان سابیر، شوکاك عبدالستار، ئازاد جەوهەر، شاباز مەحمودی بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد.**

**ئەمە و کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پاش سێ ڕۆژ لە کۆبوونەوەو باسی هەمەلایەنە کۆتاییهات.**

**کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٦ ئایاری ٢٠٠٨**

## بانگەوازی ئۆکتۆبەر بۆ خوێنەران و دۆستانی

**خوێنەران و دۆستان و ئازیزانی ئۆکتۆبەر!**

ئۆکتۆبەر ئێستا بە شێوەی ڕێكوپێك و بە ناوەڕۆك و ستایلێکی نوێوە دەرئەچێت، ئێمە سەرقاڵی ئەوەین کە"ئۆکتۆبەر" هەم لاپەرەو تیراژەکەی و زیاد بکەین هەم بیکەنە هەفتەنامە، واتە هەفتانە دەربچێت. ئێمە بۆبەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم پرۆژەیەمان لەداهاتوویەکی نزیکدا، پێویستمان بە کۆمەك و هاوکاری منەزەم هەیە، داومان لە هەرکەس و کۆروکۆمەڵ و ڕێکخراو لایەن و کەسایەتیەك... ئەوەیە کە ببنە هاوکاری هەمیشەیی ئۆکتۆبەر، کۆمەکی منەزەمی ئێوە هەرچەندێك بێت دەتوانێت نەخشی جدی ببینێت لە سەرخستنی ئەم پرۆژەیەمانو ئیدامەکاریەکەی.

ئێمە داوکارین لەهەموو دۆستان و خوێنەرانی ئازیزی ئۆکتۆبەر، ئەوانەی دەیانەوێ ببنە سپانسۆر" هاوکار"ی هەمیشەیی ئۆکتۆبەر لەگەڵ بڕی ئەو کۆمەکەی بە منەزەمی بە ئۆکتۆبەری دەکەن، پەیوەندی بگرن بە بەڕێوەبەری نووسینی ئۆکتۆبەرەوە.

لە ژمارەکانی داهاتوودا ناوی هاوکارەکان ئۆکتۆبەر بڵاودەکەینەوە.

**بە سوپاسەوە چاوەڕوانی هاوکاری هەموو لایەکتانین**

**ئۆکتۆبەر**